ساموئێل بیکیت

# ساموئیل بیکیت



# ساموئێل بیکێت

(کۆمەڵە وتارێکی وەرگێڕدراو)

وەرگێڕانی

شۆڕش محەمەد حسێن

سلێمانی- ٢٠٠٥

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم
کتێبی گیرفانی ژمارە ( ٦١ )

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

# ساموئێل بیکیت

وەرگێڕانی : شۆڕش محەمەد حسێن
بابەت: لێکۆڵینەوە
بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق
مۆنتاژی کۆمپیوتەری: سەیران عەبدولرەحمان
سەرپەرشتیاری چاپ: فەرهاد رەفیق
ژمارەی سپاردن : ٧٥٤ی ٢٠٠٤

**مافی لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ**
**دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

www.sardam.info

**پێشکەشە بە**

**بەناز**

**لارا**

**لانۆ**

**سێ مۆمی داگیرساو لە تاریکی ڕۆحمدا.**

*هیچ شتێک له بوونی مرۆڤدا ڕوونادات.. ئەمە شتێکی سامناکە

(ساموئیل بیکیت)

*هیچ شتێک ڕوونادات.. هیچ کەس نایەت.. هیچ کەس ناڕوات.

(بیکیت لەسەر زمانی ئیستراگۆن)

*بەرهەمەکانی بیکیت تێکەڵەیەکە لە جەیمز جویس و مارسل بروّست و هەندێ شتی تر کە نایزانم.

(ملفین فریدمان)

**له بری پێشەكی:**

**"كاتێك تەعبیر له تەنیایی خۆم دەكەم، مەبەستم تەنیایی گشت مرۆڤایەتییە"**

ئەو ئازارو شوێنەوارە قووڵانەی كە هەردوو جەنگی جیهانی یەكەم‌و دووەم لەسەر بیرو بوونی مرۆڤایەتیان بەجێهێشت، بووە هۆی شوێن پێ لەفكردنی بڕواو ورە بەردانی مرۆڤ بەرامبەر پێودانگە باڵاكان، لێرەوە پێویست بوو هەوڵ‌و تەقەلایەك لە پێناوی سەرلەنوێ داڕشتنەوەو گەڕانەوەی ئەو بڕوابەرزەی مرۆڤایەتی بدرێت.

شانۆی ناماقووڵ یان (ئەبسۆرد) یەكێكە له بوارە فراوانەكانی گوزارشت كردن لە ناتەبایی‌و ترس‌و چارەنووس‌و دڵەڕاوكێی مرۆڤ بەرامبەر بوون‌و ژیان، ڕەگوڕیشەی ئەم شێوازەش دەگەڕێتەوە بۆ دوای هەردوو جەنگی جیهانی‌و بنەماكانی ڕێگەو شێوازی خۆیان سەپاند.

ئەگەر بە شوێن ڕەگوڕیشەی شانۆی ناماقووڵدا بگەڕێین پێویستە ئاماژە بۆ هەریەك لە ئەدەبی

ڕەمزیو فەلسەفەو ڕێبازی داداییو سوریالی بکەینو هەریـــەك لـــە ئەلفرێـــدگاریو ئـــانتۆنین ئـــارتۆش کاریگەرییـــەکی مـــەزنو دیاریـــان بـــە هەریـــەك لـــە نووسـەرانی ئـەم شـێوازە هونەرییـەوە هەیـە، وشـەی نامـاقوولْ بـە واتـایی نـاڕەزاییو نەشـازیو دژایـەتیو نەگونجان دێت، هەروەها ئەو شتانەی کە دەبنە هـۆی پێکــەنین، بــەڵکو گریــانیش، بــێ ئامــانجیو لێــك جیابوونەوە لە ڕەچەڵەكو بنەڕەت، وشکیو بێتامیو شێوازی زمانو وشەو بێمانایی هەڵوێستی مرۆڤ.

شـانۆی نامـاقوولْ بانگەشـەی ئـەوە دەکـات کـە شـتەکان لـە شـوێنە زانراوەکـانی خۆیانـداو بـە شـێوە ساکارییەکەی نەخرێتـە پـێش چـاوو واتـە لـە شـوێنە سروشتیەکانی خۆیانەوە بیانگۆڕین، بە شێوەیەك کە بینـــەر بخاتـــە حاڵـــەتی سەرســـوڕمانو تێڕامانـــەوە، ئەمـــەش دەبێتـــە پێکـــەوەنانی دوو حاڵـــەت لـــە لای مرۆڤ:

یەکەمیان: هانی ئەدات لەو ژیانە رۆتینییـەی کـە تیایــدا دەژی بــەردەوام نــەبێ، دووەمیــشیان: مــرۆڤ دەگەیەنێتە کۆمەڵێ پێودانگی نوێ.

## ساموئیل بیکیت

نووسەرانی سەر بەم ڕێچکەیە لەو باوەڕەدان زمان دەستەوەستانە لە دەربڕینی ئەو حاڵەتو هەستو نەستانەی کە لە مرۆڤدا بنەچەو زیندوون دیسانەوە وای بۆ دەچن کە زمان زیاد لە پێویست بووەتە ئامرازێکی تەقلیدی، دەمامکێکەو بیرو سۆزی مرۆڤایەتی حەشارداوە. یەکێك لە پێشڕەوانی ئەم ڕێبازە هونەرییە. ساموئێل بیکیتە" کە لە پەیوەست بەم ڕێبازە هونەریەدا چەندەها بەرهەمی ناوازەی هەیەو تیایاندا هێڵە سەرەتاییو سەرەکیەکانی شانۆی ناماقووڵی کێشاو هەوڵی تێکشکاندنی زمانی داو لە ڕێی دەقەکانیەوە گرفتو کێشەکانی خەڵکانی تەنیا دەخاتە ڕوو کە دەستەوەستانن لە پەیوەندی کردن بە بەرامبەرەوە هەر بۆیە بیکیت دەڵێ: مرۆڤ تەنیایە، بەردەوام هەوڵ دەدات پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دەوروپشتی ببەستێت، ساتێ ئەو پەیوەندییەش دێتە دی، دەبینین مرۆڤەکەی بەرامبەری یا بە خۆیەوە یان بە شتە ڕۆتینیەکانەوە سەرقاڵە، دیسانەوە لە بازنەی تەنیاییدا خۆی دەبینێتەوە".

بۆیە دەبینین ژنو مێردێك لە شانۆیی "ڕۆژە خۆشەکاندا" لە ژێر سایەی خێزانێکدا بە هیچ شێوەیەك زمان یاریدەی هیچ کامیان نادات بۆ دەربڕینی پێداویستیە سەرەکیەکانی ژیانیان، لەبەرئەوە جۆرە دابڕانو نامۆییەك لە نێوانیاندا پەیدا دەبێت.

سەرەڕای هەموو ئەمانە دەقە شانۆییەکانی ئەبسۆرد بابەتی بێهودەییو نالۆژیکی ڕووداوەکان دەخەنەڕوو کاتو شوێن ونە، بە نموونە لە شانۆیی "لە چاوەڕوانی گۆدۆدا" کەسایەتیەکان دەبینین چاوەڕێی کەسێکی نەناسراون بە ناوی "گۆدۆ" کە لە زەمەنێکی دیارینەکراودا لە ڕابردوودا لە بارودۆخێکی نائاشکرادا پەیمانی هاتنی پێداون، نە کاتژمێر دیاریکراوە نە ڕۆژەکەش، تەنانەت بیکیت لەسەر زمانی "ئیستراگۆنەوە" دەڵێ: "کام شەممە؟ ئەمڕۆ شەممەیە؟ ئایا لە یەك شەممە ناچێت؟ یا لە پێنج شەممە؟ یا هەینی؟..

کەواتە هەموو ڕۆژەکانی هەفتە لە یەکتری دەچن، شەممە بێت یاخود چوار شەممە، هەمان ڕووداوو کەسانو گفتوگۆ دووبارە دەبێتەوەو هیچ

## ساموئیل بیکیت

گۆڕانێکی وەها ڕوونـادات شـایەنی باسـکردن بێـت، بیکیـت جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە تەنانـەت گۆڕانی شتەکان ڕووکەشـە بـەڵام لـە ناوەڕۆکدا تـەنها بریتیە لە دووبارەبوونەوەیەکی توندوتیژ.

ســامۆئیل بیکیــت خــاوەن چــەندین تێکــستی شانۆییە لەوانە: لە چاوەڕوانی گـۆدۆ، کۆتـایی گەمـە، هەموو شتێك دەکەوێت، دوا تیپی کـراب، نوانـدنێکی بێدەنگ، ڕۆژە خۆشەکان". ئەوە نەبێت کە چالاکیو ئەفراندنـەکانی بیکیـت بـە تـەنها لـە بـواری شـانۆدا قـەتیس مابێـت بـەڵکو لـە بـواری ڕۆمـانو شـیعرو لێکۆڵینــەوەش دەســتێکی بــاڵای هــەبووەو خــاوەن چەندین بەرهەمی دانسقەیە.

"وەرگێڕ"

**( له جولّەوەستان و داڕمانی پەیوەندیەكان )**

هەنووكەو یەكێك لە سەرسوڕهێنەرەكانی ئەدەبی هاوچەرخو گەورەترین نوێنەرێك كە كاریگەری هەبێت لەسەر كەلەپوری هاوچەرخی فەرەنسی توندڕەو بریتییە لە "ساموێیل بیكیت"ی ئیرلەندی كە زیاد لە ٣٠ ساڵ لە فەرەنسا ژیاو گرنگترین بەرهەمەكانیشی بە زمانی فەرەنسی نووسی.

تێیدا ئەو گەردوونە تاریكو نووتەكو پەرەوازە تازەیەی وەك گەورەترین وێنەكێشی نەخشە غامدارەكان خۆی دەدیبیەوە.

پێئەچیٚ تاكە خاڵێك بەدی نەكەین كە پێویست بكات لێوەی دەست بكەین بە خوێندنەوە یاخود شیكردنەوەی بەرهەمەكانی بیكیت. سەرەڕای ئەوەی كە نووسەری سیانیەكە (مولوی)و (مالۆنی دەمرێت)و (ئەوەی ناونانریٚ) "كە لە كاتی جەنگی جیهانی یەكەمدا نووسران"، ئەوبەر هەمانە بە شێوەیەك جوانكاریو بەناوبانگیو پڕ شارەزایی لە ڕووی زمانەوانیان بەدەست هێنا،كە نووسەری (مۆرفی) لە ساڵی ١٩٣٨ بە دەستی نەهێنابوو. لەبەرئەوەی لە ڕووی قەبارەی

تـــەواوو کـــامڵی بەرهەمـــەکانیو ئارەزوومەنـــدیو ئاراســـتەکانیانەوە نـــەدەکرا گۆڕانکـــاری شـــیاویان تێـــدا بکرێت.

شانۆنامەو چیرۆکەکانی بـە شێوەیەك نووسـراون کـە هـەر لـە سـەرەتایانەوە تـاوەکو کۆتـایی هاتنیـان جیهانێکی وەها نیشان دەدەن کە ڕەشبینیو ڕاکردنـی مـرۆڤ دوو تـەوەری ڕەهـان تێیـدا باڵادەسـت بـبن، بـە شێوەیەك کە ئەو دوو تەوەرە هەمیشەییانە نـەدەکرا مۆرکی درامیشیان بخرێتە سەر.

جیهانێکە تاك تیایدا دەژی لەو ناوچانەی پـڕ لـە مەترسـینو ترسـناكو پـڕ لـە دڕدۆنگـیو ئـازارن، لەبەرئـەوەی لـە جیـاتی ژیـان تێیـدا باڵادەسـت بێـت کەچـی نەهامـەتیو دژواریو مەترسـی لـە بـوون باڵادەست بووە. جیهانی ونبوونێکی تەواو، جیهانێکی داخـــراوی پـــڕ لـــە هـــەژاریو نـــەداری کـــە دڵێـــرو پاڵەوانـــەکانی بـــریتی بـــوون لـــە بەساڵاچـــووان وەك نابینـــاو ســـەرخۆشو شـــەلەکان، دەروون نـــەخۆشو تێکشکاوەکانو نەخۆشانی نـاو جێگـاو ئـەو کەسـانەی کە بـە دارشـەق هەڵسوکەوتیان دەکـرد، یـاخود بگـرە هەنـدێ جـار زۆربـەی ئـەو کەسـانە بـە چـنگەکرێو

لەسـەر سـينگ بەسـەر زەويـدا جموجۆڵيـان دەكـرد. ئەوانەش لە ڕاستيدا ئيفليجو بێهێـز نـەبوون، بـەڵكو نەياندەتوانى تەرازووى خۆيان ڕابگرن، ئەوانـەش بـۆ خۆيان ببوونە قورساييەك بەسەر كۆمەڵگە. چونكە تەنانـــەت نەشـــيان دەتـــوانى مامەڵـــە لەگـــەڵ داردەستەكانيشيان بكەن.

ئەو كەسانە وايان بەسەردا هاتبوو كە لەشيان بـە پەڕۆوپاڵ دابپۆشنو سێبەرى دارە ڕووتەكان بكەن بە شـــوێنى حەواندنـــەوەيان يـــاخود لـــەناو تەنەكـــەو حاويەى خۆڵو خاشاكو پاشەڕۆدا ژيان بەسەر بەرن، يان لە ناو خەڵوەتگەكانى تەندروستى، ياخود لەسـەر ئەرزەيەكى ڕەقو تەقو ساردو چۆڵەوانيدا ڕابكشێن كە كەسى تێدا نيە تەنانەت بە دەم ناڵەشيانەوە بێن. ئەوانـە نـەزۆكو گەمـژەنو خـاوەن يـەقين نـين كـە كێنو لە كوێن.

ئەوانـــە تەنانـــەت توانـــاى ئەوەشـــيان نـــەبووە دەرفەتى گونجاو بۆ ئەوە بقۆزنـەوە تـا بتـوانن جـۆرە پەيوەنديەكى پەيوەستيش لەگەڵ ڕابردوودا دروست بكەنەوە.

ئەوانـە تـەنهاو بـێ پەیوەنـدین، لـەو کاتـەش کـە نـەفرەت لێکراوێکـی تـر لـە هاوچەشـنی ناشـارەزاییو نەفامیەکانی دەدۆزێتەوە، ئەوا درك بەوە دەکەن کە ناتوانن پەیوەندی پێکەوە گرێ بدەنو ورتە ورتو پـسکە پـسکەکانیان نابێتـە ئامرازێـك بـۆ پەیوەنـدیکردن. بـەم جـۆرە ئـەو وێنـە بـاوەی کـە مۆرڤیو وات و مولوی‌و مالونی‌و فلادیمێرو ئیستراگۆن دروسـتی دەکـەن بـریتین لـە وێنەگـەلێکی ڕووتو ڕووتەنی‌و لەباربردنو لەدەستدان.

لـە شـانۆیی "کۆتـایی گەمـەدا" تاکـە ئەکتـەرێك بوونی لەسەر تەختـەی شانۆ هەیـەو ئاماژەیەکە بـە بوونی بیابانێکی پڕ تیشکی بەهێزو کاریگەر بۆ سـەر دیدی مرۆڤەکان".

تاوناتـاوێکیش گـوێی لـە فیکەیـەك دەبێـت کـە جارێـك لـە لای ڕاسـتەوە دێـتو جـارێکی دی لـە لای چەپەوە دێت.

بەڵام لە هەموو جارێکدا بەرەو یـەکێك لـە لاکان هـەنگاو دەنێـتو بـە پڕتـاو خـۆی دەخاتـە سـەر تەختەی شانۆ، سەرەڕای ئەوەی لە هەموو جارێکیش خۆی لـە خـۆڵ دەتـەکێنێ. دوای ئـەوەی بیردەکاتـەوە

بەرەو ئەو ئاراستەیە دەڕوات کە فیکەکەی لێوە دێت وەك کاردانەوەیەك بۆ ئەم بارە.

بەهەرحاڵ لە دوا جاردا بە شێوەیەکی باشتر لەم مەسەلەیە بیردەکاتەوەو دەنگی ئەو فیکەیە پشتگوێ دەخات کە لە لای چەپەوە دێتو دواتر شتی جیاوازتر سەرهەڵدەداو دەنگی فیکەی تر لە سەرەوە دەبیسترێت. وە لە هەموو جارێکدا لەسەرەوە شتی بۆ نزم دەکرێتەوەو دواتر بەرزدەکرێتەوە. لە کۆتاییدا —بەوپەڕی سادەییەوە، لەسەر یەك لای خۆی ڕادەکشێو ڕوخساری لە بەرامبەر هۆڵی گوێگرتن دادەنێتو سەیری پێشەوەی خۆی دەکات".

سەرەڕای ئەوەی کە مۆڵەیەکی شوشەیی بە بەردەوامی لە بەردەم ڕوخساریدا هاتوچۆ دەکات، ئەوا هەنووکە پشتگوێی خستووەو ناجولێت.

بەوپەڕی سادەییەوە سەیری دەستەکانی دەکات وەك مۆران کە مولوی ڕاودەنێت لە چیرۆکی "مولویدا"، کاتێك کە هەردوو قاچەکانی ڕەق دادێتو تووشی ئیفلیج بوون دێن، تێڕادەمێنێتو دەڵێ: ئا ئەمەیە تایبەتمەندیو خەسڵەتی ئیفلیجی بە ئازار، کە لە کۆتاییدا بە مانای وشە دەستەوەستان

بیت له جوڵەکردن، ئەمه بێگومان شتێکە! کاتێك بیر لەمە دەکەمەوە عەقڵم سەرەڕۆ دەبێت. و لە کاتی سەوداکاریو سازشکردنیش بێدەنگی دەنوێنێت.

پێدەچێ لالێك بنوێنێ لە شێوەی عامودێك! کێ دەزانێ پێدەچێ نابینایەك بێت وەك شەمشەمەکوێرە! یان وەك ئەندێشەت لاپەڕەیەکی سپی پۆش بێت.

ئەوسا ڕەنگە ببێتە مێشکێکی پەککەوتوو تا دڵخۆش بێتو لەو مردنە بترسێت کە جارێکی تر زیندوو دەکرێتەوە. ئەمە لە ڕاستیدا ڕەوشی دابڕاو و پەراوێزکراوە خەمناکەکانە کە لە شانۆگەریو چیرۆکەکانی بیکیتدا پێیان دەگەین، ئەوان لە هەموو جۆرە ئاسایشێك داماڵدراون. لە جیهانەکەشیاندا واتا جیهانی سفری خەمناکیو بێزاری جگە لە زیندەگیەکی بەجێماو بۆ هەستان بە جووڵەی وشكو لاواز لە بابەتی پێکەنیناوی هیچی تریان نییە.

ئەمەش ئاماژەدانە بەوەی کە سەرەڕای بێزاریو خەمناکیان دڵخۆش بوونێك کە لە نەبوونەوە هەڵدەقوڵێت دەبینن.

## "بيكيت مردو گۆدۆ نەهات"

ئەگـەر كۆچـى نووسـەرى شـانۆيى –سـاموئێل بيكيت- لـە كۆتـايى سـاڵى ١٩٨٩دا بۆنەيـەك بێـت بـۆ دووبـارە باسـكردن لـە ئـەدەبو شـانۆكەى، ئـەوا ئـەم نووسەرە لەگەڵ لەچاپدانو نمايشكردنى شانۆيى "لـە چاوەڕوانى گۆدۆدا ١٩٥٢-١٩٥٣ كاريگەرىو گفتوگۆيەكى واى خولْقاند لەناو خوێنەرانو كۆڕە ڕەخنەييەكانـدا كە هيچ نووسەرێكى تر بەو جۆرە كارى نەكردە سەر خوێنـەرانو ڕەخنـەگرانو توێـژە ڕۆشـنبيرەكانو لـە كۆڕە ڕەخنەييەكانـدا گفتوگۆيـەكى واى خستەوە كە وێنـەى نـەبوو. گفتوگـۆو بۆچـوونو ئيجتيهـاداتى هاوتـاى خـستەوە بـە ڕێـژەى جيـاوازبوونى ڕەهـا لـە بارەى ئەدەبەكەى بە شێوەيەكى گشتىو شانۆكەى بـە شـێوەيەكى تايبـەت، وە لێكـچواندنى بـە بێهـودەيىو پڕاوپـڕ لـە ئيلتبـاسو پووچـگەرايىو نامـاقووڵو تەمومژيىو نامۆيى.

لە تێكەڵەيەكى بـەهێزى نێـوان كۆميـدياى ڕەشو ڕوخـسارە تراژيديـە ميتافيزيكيـەكان، بـە جۆرێـك

چاوەڕوانی كەسێك یان ڕووداوێك یان هەر شتێكی تر دەبێتە چاوەڕوانیەك بۆ نەبوونو فەنابوون (مردن).

بۆیە دەتوانین بڵێین كە —لە چاوەڕوانی گۆدۆ- خاڵی سەرەتای ناساندنی بیكیتە بە جیهان وەك نووسەرێكی گەورەو بەتوانا. وەك ئاشكرایە بیكیت پەردەیەكی ڕەشی بەسەر ژیانی تایبەتی خۆیدا داوەو هیچ جۆرە گفتوگۆیەكی ڕۆژنامەوانی بە ئەنجام نەگەیاندووە، لەگەڵ ئەوەشدا جیرار ئوروزی توانی ژیانی بیكیت لەو كتێبەیدا كۆبكاتەوە كە لە ساڵی ١٩٧٩دا لەسەر بیكیت بڵاوی كردەوە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەم كتێبە بە شێوەیەكی ڕاستو ڕەوان باس لە ژیانی ئەم نووسەرە دەكاتو دەڵێت:

ساموێئێل بیكیت لە ١٣ی نیسانی ساڵی ١٩٠٦ لە فۆكس ڕوك لەدایك بووە، كە ناوچەیەكە دەكەوێتە باشوری- دبلن-ی پایتەختی ئیرلەندا، دووەمین كوڕی —ویلیام و ماری بیكیتە" كە ژنو مێردێكی خۆش گوزەران بوون بە جۆرێك ویلیام سەر بە بنەماڵەیەكی بۆرجوازی بوو، بۆیە دایكو باوكی بە پێویستیان زانی كە —ساموئیل- فێری پەیڕەوەكانی دین بێت.

## ساموئیل بیکیت

له ساڵی ١٩٢٠دا بیکیت پەیوەندی بە قوتابخانەی شاهانەیی لە باکوری ئیرلەندا دەکاتو کاتەکانی لە نێوان خوێندنو وەرزشدا دابەش دەکرد، پاشان دەستی بە خوێندنی زمانی فەڕەنسی کرد، دوای سێ ساڵو لە ساڵی ١٩٢٣ پەیوەندی بە زانکۆی "ترنیتی" کرد لە دبلن، بۆئەوەی زمانە تازەکان بخوێنێتو تیایدا سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا، هەر لەم سەردەمانەدا هۆنراوەو بەرهەمەکانی دانتی دەخوێندەوەو بە پەرۆشەوە سەرنجی بەرهەمەکانی شانۆی بەریتانی دەدا لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمداو بە شێوەیەکی تایبەتیش بەرهەمەکانی نووسەری گەورە –شون ئۆکیزی" سەرنجی کێش دەکرد.

لە سەرەتای بیستەکانی ژیانیدا، ساموئیل بۆ یەکەمجار ئیرلەندای بەجێهێشتو سەردانی فەڕەنساو ئیتالیای کرد، لە کاتی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆسیش لە ساڵی ١٩٢٧دا زانکۆی ترنیتی هەڵیبژارد تاوەکو بە وانەبێژێك لە خوێندنگەی نۆرماڵی باڵا لە پاریسدا دابمەزرێت.

له ساڵی ١٩٢٨دا وەك وانەبێژێكی زمانی ئینگلیزی وانـەی دەوتـەوە، دوای ئـەوە گەڕایـەوە بـۆ دبلـن‌و -ئالفرێد بیرۆن-ی ناسی كە خۆشەویسترین هاوڕێی -جەیمز جویز- بوو، ئەمـەش سـەرەتای دروستبوونی هاوڕێیەتیەكی بەهێزو پتەو بوو لە نێوان نووسـەری -یولیـسیس- و خـاوەنی -لـە چـاوەڕوانی گـۆدۆدا". پاشان بووە ئەندامێكی شاندەكەی جویس.

لـە سـاڵی ١٩٢٩ و لـە دەوروبـەری مـاوەی یەكـەمی نیـشتەجێبوونی لـە پـاریس خـەڵاتی باشـترین هـۆنراوەی لەسـەر "زەمـەن" پێبەخـشرا، ئـەم خەڵاتـەش لـەژێر چـاودێری -نانـسی كوناردورتیشاردنجتۆن-دا بوو، ئەو بەرهەمەش كە لە پێـشبڕكێكەدا پێـشكەشی كـرد هـۆنراوەی -شاشـة الرادار- بوو.

لـە سـاڵی ١٩٣٠دا بیكیـت گەڕایـەوە بـۆ دبلـن بـۆ خوێندنی زمانی فەڕەنسی لە زانكۆی ترینتی بـەڵام كەشـی زانكـۆی بـە دڵ نـەبوو هـەر بۆیـە دەسـت لـە كاركێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند.

زمانی فەڕەنسیش ئەو تاكە زمانە بوو كە بیكیت سـەرجەم شـانۆییو چـیرۆكەكانی پـێ دەنووسـی، تـا

دەقێکی بە زمانی ئینگلیزی نووسی بەڵام زووبەزوو وەریگێڕایە سەر زمانی فەڕەنسی.

بیکیت لەگەڵ نووسەرە فەڕەنسیەکاندا دەستی کرد بە نووسین بۆ گۆڤاری –الازمنة الحدیثة- (تافە نوێکان) کە پێشوازییەکی گەرمی لە بابەتەکانی کرد.

بیکیت بەردەوام بوو لە گەڕان بە شارەکانی ئەورووپاداو چەند جارێ سەردانی ئەڵمانیاو فەڕەنسای کرد، هەروەها هەڵدەستا بە وەرگێڕانی هۆنراوەکانی –ئەندرێ بریتۆنو پۆل ئیلوارو رنیل کریفلو لە گۆڤاری –الربع-دا بلاوی دەکردەوە.

هەر لەو ماوەیەدا چەند ڕاپۆرتێکی ئەزموونی بلاوکردەوە کە یەکێکیان لەسەر ئەفراندنەکانی – مارسیل برۆست- و ئەوی تریان لە بارەی نووسینەکانی –جەیمز جویز- بوو.

لە ساڵی ١٩٣٥دا کتێبێکی لە چاپ دا لەژێر ناونیشانی –صدی العاج- کە چەند لێکۆڵینەوەیەکی لەخۆ گرتبوو لەسەر هۆنراوەکانی –ئەزرا پاوەندو ئۆکیسو ریلکە". پاش چەند ساڵێك لە گەڕان بە ئەورووپادا –بیکیت لە ساڵی ١٩٣٧ لە پاریس جێگیر بوو. پاشان چیرۆکی یەکەمی بە ناوی –مۆرفی-

بڵاوکـردەوە کـە ڕووداوەکـانی ئـەم چـیرۆکەی لـەو سـەردانە وەرگرتبـوو کـە کـردی بـۆ نەخۆشـخانەی شاهانەیی لە —بکنهام- لەگەڵ ئەوەدا چیرۆکەکەی لـە ئینگلتەرا ئەو دەنگدانەوەی نەدایەوە کە چاوەڕوانی لێـدەکرا. هـەر بۆیـە زوو بـە زوو وەریگێڕایـە سـەر زمـــانی فەڕەنـــسی. لـــە پـــاریس خـــۆی لەگـــەڵ نووســـەرەکاندا بینییـــەوە کـــە لـــە هەڵوێـــستە شۆڕشـــگێڕانەکانیاندا بەشـــداری دەکـــات، وەك بـــەرخۆدانێك دژی داگیرکـــەری نـــازی، کـــاتێکیش نازییەکان لە پاریس هەستان بە ڕاوەدوونـانی لەسـەر هەڵوێـستەکانیو وا پێویـستی کـرد کـە هـەڵبێت لـە دەستیان، هەر بۆیـە خـۆ شاردنەوەی هەڵبـژارد، هـەر لە حەشارگەکەشیدا بیرۆکەی نووسـینی شـانۆیی —لـە چاوەڕوانی گۆدۆدا- هات بـە مێـشکیدا، تـا ڕزگـارکردن بیکیت لە پاریسدا نەبینرا، بۆیە لە دوای ڕزگـارکردن وتـی: لـە کـاتی بـوونی ئـازادیو سەربەسـتیدا، مـرۆڤ دەتوانێ جێنشینگەی خۆی بدۆزێتـەوەو خـۆی بداتـە دەست نووسینو زیاتر بە خۆیدا بکرێتەوە".

لە ساڵی ١٩٤٧دا چیرۆکی مۆرفی بە زمانی فەڕەنسی بڵاوکرایەوە، بەختی ئـەمیش باشـتر نـەبوو لـە چاپە

ئینگلیزییەکە، چونکە تەنها ١٥ دانەی لێ فرۆشرا، هەر بۆیە بلاوکەرەوەکەی —مینوی- ٣٠٠ دانەی بەخشیە ئەو ڕەخنە گرانەی کە لە ڕۆژنامەکاندا کاریان دەکرد.

ساموئێل بیکیت نوێنەری حالەتێکی ئەدەبی دەکات کە بە درێژایی سێ دەیەی چەرخی بیستەم بلاوبوۆوەو یەکێکە لە گەورەترین نووسەرەکانی قوتابخانەی ئەدەبی نامافوول، کە هەولی دەدا بۆ تێکشکاندنی هەموو داڕشتە نووسراوە تەقلیدیەکان، کە ئەمانەش هەمووی لەو شانۆیی‌و چیرۆك‌و شیعرو لێکۆلینەوە ئەدەبیانەیدا دەردەکەوێ کە نووسیبووی لەسەر ئەو ئەدیبانەی کە زۆر کاریگەرییان هەبوو لە سەری، وەك: مارسیل برۆست‌و جەیمز جویز" کە دادەنرێن بە پێشڕەوانی ئەزموونگەی لە هونەری چیرۆکداو لە مێژووی ئەم هونەرەدا خاوەن گرنگین.

پەیوەست بوونی —بیکیت- بەم دوو نوسەرەوە لە ڕێگەی زمان‌و تەرزی ئەدەبی‌و بە هۆی پەیوەندی هاوڕێیەتیانەوە بوو. لە سالی ١٩٤٨دا بیکیت هەردوو تێکستە بەناوبانگەکەی —لە چاوەڕوانی گۆدۆ —و- — مالونی دەمرێت-ی پێشکەش کرد.

لـه "گـۆدۆدا" دوو كـەس هـەن كـە مومارەسـەی حاڵـەتی چـاوەڕوانی دەكـەن، بـە لای "فلادیمێـرو ئیـستراگۆن"ەوە گـرنگ نیـە كـە ئـەوەی ناسـراوە بـە گـۆدۆ بێـت یـان نەیـەت، بـەڵكو گـرنگ ئەوەیـە كـە بابـەتی چاوەڕوانی حاڵـەتێكی بەردەوامـە تـا ئەگـەر "گۆدۆش" نەهات. باشە تـۆبڵێی گـۆدۆ كەسایەتیەكی ڕاستەقینە بێت یاخود تەنیا وەهمێكە كە لـە نـاخی هـەردوو كەسـایەتیەكەدا جـێگیر بـووە؟! كاتێـك كـە فەسـڵی یەكـەم كۆتـایی دێـت بۆمـان دەردەكـەوێ كـە گــۆدۆ لەســـەر ڕێگەكـــە دەرناكـــەوێت. كـــاتێكیش شـانۆییەكە كۆتـایی دێـت هـیچ كەسـێك نایـەت، نـە كەسە چاوەڕوانكراوەكە نە خەڵكی تر.

گرنگـی گـۆدۆ هـەروەك –كولیـت جـودار- دەڵـێ: لـــەوەدا دەردەكـــەوێ كـــە كەســـێكی شـــاراوەیە لـــە هەمووهانـــدا، هـــەروەها ڕەمزێـــك دەبەخـــشێتە هـەبووەكانی وەك "مـردن، خۆشەویـستی، دەسـەڵات، بەهەشـــت، ئـــاگر.. بـــە جۆرێـــك بـــۆ هەریەكـــەیان گۆدۆیـــەكی تایبـــەتی هەیـــە، كـــە لـــە ڕێگـــەی خەونەكانییەوە هەڵدێت لەگەڵیدا.

## ساموئیل بیکیت

ئەگەرچی بیکیت ژیانو کاروانی ئەدەبی خۆی وەك شاعیرو چیرۆك نووسێك دەست پێكرد پێش ئەوەی بچێتە سەر نووسینی شانۆیی کە درەنگ بەرجەستەی کرد، لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر سیفەتی شانۆیی بەسەریدا زاڵ بوو، بە تایبەتی پاش دەرچوونی –لە چاوەڕوانی گۆدۆ- کە وەرگێڕدرا بۆ زیاتر لە ٤٠ زمانو لەسەر زۆربەی شانۆکانی جیهان نمایش کراوەو دەکرێت. بۆیە پاش ئەوە شانۆکاران بە پەرۆشەوە کەوتنە پێشبڕکێ بۆ زوو پێشکەشکردنی بەرهەمەکانی تری بیکیت، هەتا شانۆیی –هەناسەش- نمایش کراو بۆ یەکەمجار لەسەر شانۆ لە ساڵی ١٩٦٩ لە نیۆرك نمایش کرا کە زەمەنی نمایشەکە تەنیا ٣٥ چرکەی خایاند، لەسەر تەختەی شانۆ نە ئەکتەر بینرا، نە گۆڕینەوەی دایەلۆژی تیادا بەرجەستە بوو بەڵكو لە دوورەوە هاواری منداڵێك دەبیسترا کە لە دایك دەبوو، پاش ئەوە هەناسە وەرگرتنو هەناسەدانەوەیەك، پاش ئەویش هاوارێکی کزی تر بیستراو پاشان دەستبەجێ پەردەکان دادرانەوە، ئەمەش یەکەمجار نەبوو کە بیکیت تیایدا تواناو ئامرازە گوزارشتیەکانی

بـەکاربهێنێت بۆئـەوەی بڵـێ (هـەروەك لەسـەرجەم بەرهەمـــە چـــیرۆکیو شـــانۆییەکانی پێـــشوویەوە دەیـــوت)؛ ژیـــان بۆشـــاییەکی ســـامناكو پـــڕ لـــە ماندووبوونەو بێسوودە".

لـــە شـــانۆیی -وەرەو بـــرۆ- کـــە نمایـــشکردنی دەوروبەری سێ دەقیقـەی خایانـد، تێکستەکە کەمتر لە سەدو بیست وشەی گرتبووە خۆ، بەڵام شانۆیی -تصورات میتە- -ئەندێشە مردووەکان بە تـەنیا لە ٩ پـەڕە پێکهاتبوو لەگەڵ ئەوەشدا بیرۆکەیـەکی زۆری تیادا کۆکردبۆوەو کورتو چڕی کردبۆوە سەر بیرۆکە سـەرەکیەکاندا. هـەروەها شـانۆیی -جـو- کـە بـۆ تەلـەفزیۆنی بـەریتانی نووسـیبووی نمایـشکردنەکەی تـەنیا بیـست چـرکەی خایانـد، تەنانـەت ڕەخنـەگران لـەو دەمـەدا پرسـیاری ئـەوەیان دەکـرد کـە ئایـا ئـەو ڕێچکەیەی کـە بیکیـت لەسـەری دەڕوات لـە کۆتاییـدا نابێتە هۆی لاوازکردنو ڕاگەیاندنی مەرگی ئەدەب.

کـــاتێکیش لـــە ســـاڵی ١٩٦٩دا ســـاموئێل بیکیـــت خـەڵاتی نـۆبڵی لـە ئەدەبـدا بەدەسـت هێنـا چـەند بۆچوونێك لەسەر ئەم ڕووداوە بەدەرکەوت، هەندێك پێـــی وابـــوو کـــە دەبـــوو زووتـــر ئـــەم خەڵاتـــەی

پێبەخشرایە، هەندێکی تریش وایان دەبینی کە بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ لە لایەن ئەکادیمیای سویدییەوە بە بیکیت ناکامیەکەو ئەم ئەکادیمیە بە هۆیەوە خۆی خستە پێگەیەکی گاڵتەجاڕییەوە.

هەروەها سەبارەت بە بەخشینی ئەم خەڵاتە بە بیکیت"جیداراو روزی- لە نووسینێکیدا دەڵێت: کە گۆڤاری –وێژە هاوچەرخەکان –الآداب المعاصرة- لێکۆڵینەوەیەکی گەورەی لەسەر نووسەرانی گەورەی سەدەی بیست بڵاوکردەوە، ناوی جان پۆڵ سارتەرو ئەلبێر کامۆو ئەندریە مالرۆو ئەرنست هەمەنگوای براوە بەڵام ناوی –بیکیت- نەهێنرا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەکادیمیای ستۆکهۆڵم لە ساڵی ١٩٦٩دا خەڵاتی نۆبڵی پێبەخشی لەبەرئەوەی هەروەك لە بەڵگەنامەی خەڵات بەخشینەکەدا باسکرابوو –بیکیت توانیویەتی بێهودەیی بدۆزێتەوەو کەشفی بێسوودی وشەکان بکاتو پرەنسیپێکی پتەوی بۆ پووچگەرایی دارشتو هەیکەلێکی گشتی بۆ دروست کرد.

لە ماوەی بەدەرکەوتنی یەکەمی شانۆیی –لە چاوەڕوانی گۆدۆدا" لە سەرەتای پەنجاکانداو هەتا کۆچی نووسەر لە کۆتایی هەشتاکان بیکیت بە

درێــژایی ٤٠ ســاڵ ســەردەمێكی دوورو درێــژی لــە چاوەڕوانیدا بەسەربرد، چاوەڕوانی ئەو گۆدۆیەی كە نەهاتو هەرگیزیش نایەت، ئەو گۆدۆیەی كە بیكیت خۆشی نازانێ كێیە؟! بۆیە كاتێك كە دەرهێنەری ئەمەریكی –ئالن شنایدەر- لێی پرسی گۆدۆ كێیە؟! بیكیت لە وەڵامدا وتی: ئەگەر بمزانیایە گۆدۆ كێیە لە شانۆییەكەدا دەموت".

### بیكیت لە نێوان ئەدەبو شانۆدا

ئەگەر ناوبانگی گەورەی بیكیت لەم شانۆییەوە سەریهەڵدابێت كە لە دوو فەسڵ پێكدێتو كە كورتی دەكاتەوە بە بوونی –فلادیمیرو ئیستراگۆن- كە چاوەڕوانی كەسێكی نادیار دەكەن كە ئەویش گۆدۆیەو بەم چاوەڕوانیە كۆتایی دێت، كە بێگومان ناوبانگێكی گەورەی پێ بەدەست هێنا بە پێی ئەوەی كە دانرا بە یەكێك لە راگرانو پێشڕەوانی چیرۆكی تازە، كە لەگەڵ كلۆد سیمۆنو ئالان ڕۆب گریۆ فیرجینیا وولف.. كاریان بۆ دەكرد.

لەگەڵ ئەوەشدا بە یەكێك لە دامەزرێنەرو پێشڕەوی دراماى ئەبسۆرد دادەنرێت لەگەڵ فیلد

وروی بــەلجیکیو ئــەدامۆڤ قــەوقازیو یونــسکۆی ڕۆمانی.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنەگرەکان وای دەبیننەوە کە -بیکیت- لە شانۆی ئەبسۆردا زیاتر ناوبانگی مایەوەو سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا لە تێکشکاندنی وشە بە تەواوەتی لە بەرژەوەنـدی زمـانی مەشـهەدی لە چوارچێوەیەکی ئەبستمی هەستیدا.

گۆدۆ لـە شـانۆیی -کۆتـایی گەمـەدا- کەلـە سـاڵی ١٩٤٢ بڵاوکرایەوە دەبێتە پیاوێکی بینراو کە خۆی لە سـەر جەسـتە تێکـشکاوەکەی ڕادەکێـشێ لـە نێـوان دارستانێکی تاریكو ڕووبارێکی نەبینراودا.

کەسـایەتیەکانی بیکیـت بۆئـەوەی لـە بێـزاری ڕزگاریـان بێـت دەکەونـە گفتوگۆیـەکی بـێ ئامـانج لەگـەڵ یەکدیـدا، هـەروەك کەسـایەتی -کلـۆف- لـە شانۆیی -کۆتـایی گەمـەدا- هـەوڵی ڕاکـردن دەدات لـە بێزاریو دەکەوێتە زۆربڵێیی لەگەڵ کەسایەتی -هام- دا هــەروەها هــەردوو کەســایەتی -ڤلادیمــیرو ئیــستراگۆن- لـە شـانۆیی -لـە چـاوەڕوانی گـۆدۆدا- مومارەسەی ئەم حاڵەتە دەکەن.

لێرەدا جارێكی تر خۆمان دەبینینەوە بەرامبەر چەند كەسایەتیەك كە لەناو چەنەبازییەكی ئاڵۆزو نادیاردا دەسوڕێنەوە لە زەمەنێكی وەهمی خەمناكدا، كە ئەو بوونەی هەستی پێدەكەن جیایان دەكاتەوە لە عەدەمێكی سەرمەدی.

ئەم كەسایەتیانە هەوڵ دەدەن بۆ ڕاكردن لەم زیندانە، واتە (بوون) بۆ زیندانێكی تری نابەرجەستەكراو واتە (عەدەم، لەناو گەشتێكی ڕەشبینی كە خاڵیە لە هەموو هیوایەك. بەهەرحاڵ كەسایەتییەكانی ئەم شانۆییە پووچگەراییانە هەموویان زۆربلێی دادەنێن بە تەنها شتێك كە مرۆڤ بتوانێ لە گەشتە ڕاهاتووەكەیدا بەكاری بهێنێت لە بوونەوە بەرەو نەبوونو فەنابوون.

مەسەلەی ژیانو مردن بابەتی سەرەكیو تەوەرەی هەرە گرنگ لە لای كەسایەتیەكانی –بیكیت- داگیر دەكات، هەروەك چۆن لە چیرۆكە سیانیە بەناوبانگەكەیدا ڕوودەدات، بۆیە لە چیرۆكی –مالونی دەمرێت- دەبینین كە –بیكیت- باس لە ژیانو مردن دەكات.

## ساموئیل بیکیت

به گشتی ژیان به نوکتەیەك دادەنێت کە چەند کەسانێك تا ئێستا دەیلێنەوە بۆ گەڕان بە دوای خۆشیدا.

گرنگیش شێوەی وتنی نوکتەکان نییە بەڵکو گرنگ ئەوەیە نوکتەکان هەر بەردەوامن.

لە شانۆیی –کۆتایی گەمەدا- بیکیت جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە هەمووومان بە شێتی لەدایك دەبین، بۆیە پووچگەرایی وەك تەعەقولێکی تەنیا دەمێنێتەوە کە لەگەڵ نوکتەی ژیاندا دەگونجێ.

لەبەرئەوەی ژیان زەحمەت دەبێ بە هەمان شێوەی کە گوێگرتن تیایدا زەحمەتە.

لەگەڵ نامۆیی ئەو فۆڕمانەی کە بیکیت لە بەرهەمە شانۆییو چیرۆكو شیعرەکانیدا پێشکەشی کرد، لەگەڵ ئەوەشدا بینەران قبوڵیان دەکرد لەبەرئەوەی زۆربەیان کیانی خۆیان لە ستراگۆنو کیلمۆفدا دەبینییەوە.

خوێندنەوەو سەیرکردنی بەرهەمەکانی بیکیت وەك جۆرێك لە گەڕان وایە بە دارستانێکی ترسناکدا، بەڵام بە دوو چاوی داخراوەوە، کە گەشتیارەکە وا هەست دەکات کە چەندەها تارمایی بە نزیکی

بيناييـدا تێدەپـەڕێ، كـە دەستەوەسـتان دەبێـت لـە دیـاریكردنی شوناسـنامەكانیان، هـەروەها گـوێی لـە دەنگو هاژەهاژ دەبێ، ڕووداوو دیاردەكانی لێ تێكـەڵ دەبێـت، بۆیـە دردۆنگیـەكی گـەورە دایـدەگرێتو وا هەسـت دەكـات كـە زەوی لـە ژێـر پێیـدا هەڵدێ، دوو ڕێگــە چــارەش دژایــەتی دەكــات، مانــەوە لــە شــوێنەكەیداو ڕووبەڕووبونــەوەی گەردەلولەكــە، یاخود گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنەی كە لێوەی هاتووە.

دەتوانرێـت بوترێـت كـە سـەرجەم بەرهەمـەكانی بیكیـت وەك دایـەلۆژ وایـە لـە نێـوان وشـە یـاخود قسەكردنو بێدەنگیدا، لە نێوان هۆشیاریو نـەبوونو فەنابووندا، بابەتی ڕوونـەدانی هـیچ شـتێكیش خـۆی لە خۆیدا ئەمرێكی بە هەند وەرگیراوە، بەڵام دەبێتە كـارێكی ترسـناك كاتێـك نـەتوانرێت هـیچ شـتێ ڕووبدات.

بیكیـت كرۆكـی ئـەو فەلـسەفە تاریـكو توونـەی دەنوانـد كـە لـە دوای جـەنگی جیهـانی دووەمـدا لـە ڕۆژئاوا بڵاوبۆوە، نموونـەكانی فلادیمێـرو ئیـستراگۆن ڕاگەیانـدنێكی هەمیـشەییە لـە بـارەی چاوەڕوانیەكی بـەردەوام، لـە بـارەی ئـەوەی كـە پەككەوتەییـەك لـە

توانـایی مرۆڤـدا بـوونی هەیـە لـە بەزانـدنی واقعـدا. هەسـتـەکانی خۆشـیو تـرسو بێکـاریو بێـزاریو دڕدۆنگـی کەڵەکـە دەبـن، بـەرەو کەوتنـەخوارەوەی هەرە گەورە بۆ ناو بێهیوایی، لێرەوە هەروەك یەکێك لـە ڕەخنـەگرەکان دەڵێـت: قـسەکردن بریتییـە لـە قسەنەکردن لە نێوان دوو پاڵەواندا، قسەکردنێکی پڕ برتـەو بۆڵـەی ڕەمـەکی بێمانـا، چـونکە مەبەسـت ونبوونی هۆشیارییە، چونکە هۆش دەتـوانێ بـچێتە دوتـوێی ئـازارە ناوەکییـەکانیی کیـانی مرۆییـەوە، بیکیت نایـەوێت دان بنێت بـە پەککەوتـەیی، لەگەڵ ئەوەی بێهیوایی لەوپەڕی چاوەڕوانیدایە ئەگەر ئـەو چاوەڕوانیە هەمیشەییە بێسوودەش نەبووایە بۆ ئەو شتە یـان ئـەو ڕووداوە یـان ئـەو (گۆدۆیـە) ئـەوا ئـەو یەقینـەمان لـەلا دروسـت نـەدەبوو کـە ئـەو شـتەی چاوەڕوانی دەکەین نایەت!

-بیۆگرافیای ژیانی هونەری بیکیت-

ساموئیل بیکت ساڵی ١٩٠٦ لە دایكو باوكێكی پرۆتستانتی لە چینی مامناوەند لە دبلن لەدایك بووە، لە ساڵی ١٩٢٠ چووە قوتابخانەی شاهانەیی لە هەرێمی "فرماناه" كە چەندین لێهاتوویی‌و بلیمەتی بەدەرخست لە وەرزشدا بە تایبەت یاری كریكت‌و یاری رجبی‌و لە خوێندنەكەشیدا لێهاتوویی‌و بلیمەتی بەدەرخست.

دوای سێ ساڵ‌و لە ١٩٢٣دا پەیوەندی كرد بە كۆلێژی ترینتی دبلن تاوەكو زمانە هاوچەرخەكان بخوێنێت‌و بە هەمان شێوە سەركەوتنی بەدەست هێنا، لە كاتی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەكالۆریۆسیش لە ساڵی ١٩٢٧ زانكۆ هەڵیبژارد بۆئەوەی وەك وانەبێژێك لە خوێندنگەی نۆرماڵی باڵا لە پاریس وانە بڵێتەوە.

ساڵی ١٩٢٨ لە پاریس نیشتەجێ بوو وەك وانەبێژێكی زمانی ئینگلیزی ئەم خوێندنگەیە، دواتر بە خێرایی بووە ئەندامێك لە شاندەكەی جەیمز جویز، لەو كاتەی كە بەشێك لە نووسینێكی جویزی

وەرگێڕایــە ســەر زمــانی فەرەنــسی، ئــەوا جێــی سەرسـوڕمان نیـە کـە سـەرەڕای ئـەوەی لـە ٢٣ سـاڵی تەمەنیـدا بـوو سـاڵی ١٩٢٩ هاوکـاریکرد لـە نووسـینی بابەتێك کە لە شێوەی بەیانێکدا لە لایەن هاوڕێکانی جویز بلاوکرایـەوە بـە نـاوی (شەکسپیرو دەزگاکەی) بۆ داکۆکی کردن لە کارەکانی.

لــە دەوروبــەری ئــەم قۆناغــەی یەکــەمی نیـشتەجێبوونی لــە پاریــسدا خــەڵاتی باشــترین هـۆنراوەی لـە بـارەی (زەمەنـەوە) پێبەخـشرا، کـە خەڵاتێکـە "نانئـسی کونـار دورتیـشارد دنجتـۆن" سەرپەرشتی دەکرد.

ئەو بەرهەمەشی کە لـە پێشبڕکێکەدا پێشکەشی کرد بریتی بوو لە هۆنراوەی "شاشەی ڕادار" کە لە ساڵی ١٩٣٠دا وەکو کتێبێکی سەربەخۆ لە چاپ دراو ئەمــەش یەکــەمین بەرهــەمی ســەربەخۆی لــە چاپدراوی ساموئیل بیکت بوو.

لە ساڵی ١٩٣٠ بیکت گەڕایە بۆ دبلن بـۆ وتنـەوەی زمـانی فەڕەنـسی لـە کۆلێـژی تیرینتی، بـەڵام گومـان لەوەدا نەبوو کەشی ئەکادیمیاکەی بە دڵ نـەبوو هـەر بۆیـە بـە خێرایـی دەسـتی لـە کـار کێـشایەوەو دوای

## ساموئیل بیكیت

چەند ساڵێك لە گەڕان لە ئەوروپادا لە ساڵی ۱۹۳۷ لە پاریس جێگیر بوو وەك هاوڵاتیەكی هەمیشەیی، وەك مامۆستای هونەری لە كۆلیژی ترینتی ۱۹۳۱ و نووسەری لێتۆژینەوەی كورت لە بارەی بروست ۱۹۳۱و هۆنراوەو چیرۆكی هەمەجۆر لە گۆڤاری بزاوتە پێشڕەوەكاندا دەینووسیو دیوانە شیعرێكیشی بە ناوی "عظام الصدی وثمار اخری- دەنگدانەوەی ئێسكو پروسكو بەروبوومەكانی تر" بڵاوكردەوە لەگەڵ لە چاپدانی كۆمەڵە چیرۆكێكی كورت كە بە ناوی "ركلات اكثر منها وخزات- زیاتر لە لەقەوشاندن دەچێت وەك لە دەرزی ئاژن" بوو.

پەیوەندی بیكت بە جویزەوە لە دەوروبەری سیەكاندا لە پاریس قووڵ بۆوە، لەگەڵ ئەوەی كە ڕاست نیە —وەك زۆرجار باسی لێوە دەكرێت- كە سكرتێری تایبەتی جویز بووە.

بەڵام لە ناواخنی گروپەكەی جویز بوو، بەڵكو دەوترێت (بڕوانە ریتشارد ئەڵمان لە كتێبەكەیدا جەیمز جویز (۱۹۵۹) كە لوسیای كچی جویز كەوتۆتە داوی ئەویندارییەكی بێزراو لەگەڵ بیكتدا، واتا لەگەڵ هاوڕێ گەنجەكەی باوكی.

لەگەڵ ئەوەی كە جویز تاكە لایەنگری بیكتی لاو نەبووە، چونكە "سیر هربرت رید" لە لەندەن بڵاوكەرەوەیەكی بۆ یەكەمین چیرۆكی كە (مۆرفی) بوو لە ساڵی ١٩٣٨ دەركەوت دۆزییەوە.

ئەوكاتەی لە مانگی ئەیلولی ١٩٣٩دا شەڕ هەڵگیرسا، بیكت لە سەردانی ئیرلەندا بوو، بەڵام بە خێرایی گەڕایەوە بۆ پاریس، لە دەوروبەری ساڵانی شەڕیشدا بەشداری بزافی بەرخۆدانی نهێنی فەرەنسی كردو ساڵانی كۆتایی شەڕیشی لە "فولكوز" بەسەربردو لەوێش خۆی تەرخان كرد بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆمانی (وات) كە لە سەرەتای پەنجاكاندا بڵاوبۆوە.

ئەو ساڵانەی سەرهەڵدانی شەڕیش بە پیتترین قۆناغی ئەفراندنی بیكیت دەنوێنێت. لە ساڵی ١٩٥٥ سیانیەكەی مولوی ١٩٥١ و مالونی یموت ١٩٥١ و مالایسمی ١٩٥٣ و وات ١٩٥٣ و اخبار ونصوص عن لاشيء ١٩٥٥ بەدەركەوت.

لەگەڵ دەركردنی شانۆیی لە چاوەڕوانی گۆدۆ لە ساڵی ١٩٥٢دا بە تەواوی بەهای نێودەوڵەتی ئەم نووسەرە دەركەوت. كە ڕاستەوخۆ لە ساڵی ١٩٥٣ لە

پاریس نمایش کراو بووە سەرکەوتووترین نمایشی شانۆیی دوای جەنگ.

لەو کاتەشی پرسیاری ئەوەی لێکرا کە ئەو هۆکارە چییە کە پاڵی پێوەنا کە ئەو هەموو بەرهەمە گەورانە بە زمانی فەرەنسی بنووسێتن وەڵامی بیکیت بەوپەڕی سادەیی ئەوە بوو کە لەبەرئەوەی زمانی فەرەنسی ئاسانکاری پێدەبەخشێت لە بواری نووسنیدا بەبێ بوونی شێواز".

توندیو ڕەگەزپەرستی ئەو جۆرە وێژەیە وامان لێدەکات تا بڵێین بەکارهێنانی هەر زمانێکی بیانی لە ڕاستیدا دەچێتە قاڵبی سووربوونو پێداگرتنی زیاتر لەوەی بایەخی گرنگ بدرێت بە وردی گوزارشتەکان لەو بیروبۆچوونانەی کە ئارەزوومەندێتییەکی پۆلایین ئامێز بووە. هەروەها شانۆیی "کۆتایی گەمە"ی کە دووەمین شانۆییەکانی بوو بۆ یەکەمجار لە لەندەن لە ٣ی نیسان (ئەبریل) ساڵی ١٩٥٧ نمایش کراو لە ٢٨ی تشرینی یەکەم (ئەکتۆبەر)ی ساڵی ١٩٥٨ یەکەمین نمایشی شانۆیی (دواشریتی کراب) نمایش کرا.

ئەوەی جێی گومانیش نییە ئەوەیە کە ناوبانگی بەردەوامی بیکیت لە ئینگلتەرا وای لە بەرنامەی سێیەمی ڕادیۆی بەریتانیا کرد کە بۆ یەکەم جار لە ١٣ی کانوونی دووەم (یەنایر)ی ساڵی ١٩٥٧ (ئەوەی کە دەکەوێت ) و "جمرات- خۆڵەمێش" لە ٢٨ی تشرینی یەکەم (ئەکتۆبەر) لە ساڵی ١٩٥٩ پێشکەش بکات.

هەنووکە بیکیت خاوەن ناوبانگیەکی گەورەیە نەك بە تەنها لە گۆڕەپانی فەڕەنسا، بەڵکو لە سەرجەمی نێوەندی ئەدەبی جیهانیدا. بیکیت لە پاڵ برێختو یونسکۆو ژونیە دادەنرێت بە یەکێك لە ئەفرێنەرە گەورەکان لە شانۆدا لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا، بیکت لە ڕۆمانەکانیداو لە دواهەمین بەرهەمەکانی "حاڵ چۆنە- ١٩٦١" دادەنرێت بە هاوکارێکی سەرەکی لە بەرهەمهێنانی ئەو شێوازە نوێییەی کە (کلود موریاك) بە (ئەدەبی دژ- alitterature ناوی دەبات، لە پاریس ژیاوەو سەرەڕای ئەوەی کە خاوەن کەسایەتییەکی پڕ بەها بوو ئەوا بە کەنارگیری لە سیاسەتی بزافە ئەدەبیەکانو ژیانی ڕۆشنبیری مایەوە.

دەركەوتنی بيكيت وەك گەشتيارێكی ئەمريكی وا وەسف كراوە كە: "ئيرلەندييەكی كەللەڕەقی پۆڵخسە. ڕوخساری دەموچاوی جياوازە بەڵام جوان نيە. وەك ئەوەش وايە كە بە قەڵەمێكی كول نەخشێنرابێت.

قژە لوولو بژەكەی لەلای تەوێڵيەوە هاتۆتە خوارەوەو قژی بەرزبۆتەوە هەتاوەكو تاڵە قژەكانی بە نەرمو نيانی شۆڕبۆتەوە وەك ئەوەی بە ڕاستی ئەوە دەربخات كە قژە نەك تووكی بەراز. مرۆڤ دەتوانێ ئەوە بڵێت كە ئەم قژە لە يەك كاتدا نيشانەن بۆ شكۆيیو خاكی بوون.

قورسیو گرانيەكی دەروونی هەيە كە لە خاكی بوونو سادەييەوە هەڵقوڵاوە كە پێدەچێ لە هەمان سەرچاوەوە سەريهەڵگرتبێتو ئاوا دەردەكەوێت كە ئەو ناخوازێ خۆی بەسەر خەڵكانی تر بسەپێنێت.

چاوە شينە كاڵەكانيشی لە ناواخنی ڕوخساريدا جێگير بوون، ئەوانيش هەميشە بوژاوەو گەشنو هەميشە پڕ لە زيندەگیو درەوشاوەن. وەك ئەوەی ئاماژە بەوە بدات كە تاكە كارێكی بۆ بەجێهێشتبنو

پرۆسـەی بەردەوامبوونیـشی بـۆ بـاقی ئەندامـەکانی تری ڕوخساری بەجێهێشتبێ.

زۆر جـــاریش کـــە دەمـــی بەشـــدەکات زەردەخەنەیـــەکی ناسـك دەردەکـەوێت. ئـاوازی دەنگەکەشی نەرمونیانەو کۆتاییەکی زبری هەیـە کـە لەگەڵ ڕواڵەتیدا هاوتەبا دەبێت.

هەروەك چۆن ئەم ڕۆژنامەنووسە ئەوە دەدرکێنێ کـە لێدوانـەکانی هەمیـشە بـە دەوری ئـەو شـتە دەخولێتەوە کە بە ئاڵۆزییـەکی سەرسوڕهێنەر نـاوی دەبات".

### "ڕوانینێکی تراژیدیانە بۆ جیهان"

بە درێژایی چەندین ساڵ نووسەری شانۆیی‌و چیرۆکنووس‌و شاعیری جیهانی ساموئێل بیکت توانی بە تەواوەتی دوور بێت لە ڕووناکیەکان. بەڵام دکتۆرە "دیرورا بیری" ئەمریکی یەکەم کەس بوو کە توانی چوارچێوەی کەنارگیرییەکەی لە جیهانی دەرەکی بشکێنێت‌و لە ١٩٧٨/٩/١٤دا لە لەندەن یەکەم ژیاننامەی تایبەت بەو بڵاوبکاتەوە.

ئەم نووسەرە وێنەیەکی ڕوون دەداتە ئەم مرۆڤە خەمبارەی کە ڕقی دەبۆوە لە شارەکەی (دبلن) و ڕقی لە دایکی بۆتەوەو بە بەردەوامی هاوڕێکانی وازیان لێدێناو هی دیکەی دەناسی بە هۆی زۆری قسەکانی لە بارەی ئینتماو نەخۆشیە جەستەییە هەمەجۆرەکانیەوە.

بیکت دووچاری چەند قۆناغێکی بێدەنگی درێژو ڕەشبینی گەورە ببۆوە. پەیوەندی لەگەڵ هاوسەرەکەشیدا پەیوەندییەکی بێزراو بوو و وا هەستی دەکرد کە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە لەو ئاست نزمترە.

ڕوانـــینی بیكـــت بـــۆ جیهـــان ڕوانینێكـــی تراژیدیایانەیە. ڕوانینیشی بۆ خەڵكانی تـر هەمیـشە هاوڕێكانی تووشی سەرسووڕمان دەكرد.

لە یەكێك لە جارەكاندا ئەو كاتەی منـاڵی هارولـد هوسـبۆنی هـاوڕێی بـینیو بـردی بـۆ كتێبخانـەكانی پـاریس دووچـاری مانـدووبوونێكی زۆر هـات بـۆ دۆزینەوەی چاپی فەڕەنسی "سیزارۆ" كە وای هەست دەكـرد لـە چـاپە ئینگلیزییەكـەی باشـترە. هـەروەك چۆن هەستی بەوە دەكرد كە دایكو باوكی هۆسـبۆنی هـاوڕێی نەخوێنـدەوارنو لـە ئاسـتێكی كۆمەڵایـەتی نـزمترن لـەو "بـە ڕاسـتیش هـەروا بـوو"، هـەروەها وایـــدەزانی زۆر گـــەورەترن لـــەوەی ببنـــە جێـــی بایەخپێدانی ئەو، بـەڵام كاتێك بانگێشتی كـردن بـۆ نان خواردن بە جۆرێكی وا مامەڵەی لەگـەڵ دەكـردن وەك ئـەوەی كـە دوو ئەنـدامی ئـەكادیمیای فەڕەنـسی بن.

كتێبەكـــەی دیـــرورابیر "ســـامۆئێل بیكـــت و سەرگوزشـتەی ژیـانی" لـە لایـەن ڕۆژنامـە ئـەدەبیو گۆڤارو وەرزنامەكانەوە بە لێشاوێك لەدەست خۆشیو ستایشەوە پێشوازی لێكرا.

دەرچوونی ئـەم كتێبـەش ململانێیـەك بـوو بـۆ باسكردن لـەم نووسـەرەی كە جێی گرنگی ئـەدیبو رەخنەگرانو خوێنەران بوو.

ئـەم كتێبـەش بـووە دەروازەیـەكی نـوێ لەسـەر جیهـانی نهـێنی بیكـت كـە كـەس نەیـدەتوانی پـەی پێبەرێت.

بـــەڵام هارولـــد هوبـــسون كـــە هاوڕێیـــەكی خۆشەویستی بیكت بـوو كە ماوەیـەكی دوورو درێـژ هاوەڵی بوو چاپدانی ئەم كتێبەی بە هەڵوێستەیەكی خۆپارێزییەوە پێشوازی كرد، بە شێوەیەكی ئاشكراش گـوزارەی لـەو هەڵوێـستەی كـرد كاتێـك لـە گۆڤـاری "كتێبو نووسەران" لە ژێـر نـاوی "تێنەگەیـشتن لـە بیكێـت" بابـەتێكی نووسـیو چـەند گازەندەیـەكی لەسەر كتێبەكەی "دكتۆرە بایر" خستەڕوو.

ئەمەو هەر بە تەنها هۆبسۆن تاكە كەسێك نەبوو كە سەرنجی لە بارەی ئەم كتێبەوە هەبوو، بە نموونە لـە چـاوپێكەوتنێكی رادیۆیـدا كـە میـشێل بلینگتـۆن لەگەڵ مارتن ئاسلنی ڕەخنەگردا سازی كـرد، زۆر بـە توندی پرۆتەستۆی كتێبەكەی "بیر"ی كردو ئاماژەی بەوە دا كە خـەمی "بـیر" لـە دەركردنـی كتێبێك لـە

بــارەی بیکــت لــە ڕێزگــرتنی گــەورەی ئــەوەوە سەرچاوەی نەگرتووە بەرامبەر نووسینەکانی بیکت بەڵکو "بیر" بۆیە بیکیتی هەڵبژاردووە تاوەکو ببێتە بابەتێك بۆ کارنامەکەی بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆراو هیچی تر.

ئەمەش "هەروەك هۆبسون دەڵێ" شێوازێکی گونجاو نییە بۆ تێگەیشتن لە نووسەرێکی شانۆیی گەورە لە زەمەنی خۆیدا. ئاسلنیش دەڵێ لیستی ئەو سەرچاوانەی کە بیرپشتی پێبەستووەو "٨٠ لاپەڕەی کتێبەکەی داگیرکردووە" خاوەن بەها نینو هەر سەرچاوەیەك کە پابەندە بە ئایسلن (بە گوتەی خۆی) دوورە لە ڕاستو ورد نییە.

هۆبسۆن لایەنگری خۆی بۆ ئاسلن نەشاردەوە، خودی بیر بە ڕاستی ئاگاداری ئەوە بوو و دەیزانی کە بیکێت بەهایەکی گەورەی لە ژیانی کەسێتی خۆی شاردۆتەوەو هەر بیر خۆیشی بوو کە وتی ژیانی بیکێت دەچێتە خانەی "گیشیزمی ئاینی".

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوودڵ نەبووە لە گێڕانەوەی چەند چیرۆکێك لە بارەی بارودۆخەکانی ژیانی بیکیتو لە بارەی پەیوەندیەکانی بە (لوسیا)ی

کـچی جـویس، کـە بێـزاری کردبـوو بـە ڕوانینـە بەردەوامەکانی. تەنانەت ئاماژە بە ڕووداوێك دەکات کـە بەسـەر بیکیـت هـات کاتێـك ئێوارەیـەك بـە سەرخۆشـی دەگەڕێتـەوەو قاپـە شووشـەکان "فەخفوریيەکان" تێکدەشکێنێن هەڵسوکەوتێکی لـەم چەشنەش هەتا سادەترین خـەڵك تووشی سەرسامی دەکات.

ڕاسـتە بیکیـت داوای لـە بـیر" نـەکردبوو کـە سەرگوزشـتەی ژیـانی بنووسـێت، بـەڵام ئـەوەی پـێ ڕاگەیانـدبوو کـە ئـەو نایـەوێ هاوکـاری بکـاتو ناشیەوێت ڕێکی بخات. کاتێکیش داوای لە هاوڕێکانی کرد کە ئەو نامانەیان پیشان بدات کە بیکیت بۆیان ناردبوون هەمان شتی پێ ڕاگەیاندبوون.

بۆیـە ئـەو ئابڵووقەیـەکی ڕەهـای دانـەنا لەسـەر لێکۆڵینـەوەکانیو داوای لـە هاوڕێکانیـشی نـەکرد کـە پەیوەندی پێوە بکەن. ئەم خانمە دەیزانی کە بیکیت حەز بەوە ناکات سەرگوزشتەی خۆی بنووسێت، هـەر بۆیـە لـە وێـستگەیەکی ئـاڵۆزدا بـوو بـە جۆرێـك دەبووایـە هەرچـۆنێك بێـت نمـرەی دکتۆراکـەی

بەدەست بهێنێتو تا ئەوکاتەش بیکیت وتەی کۆتایی خۆی نەدابوو.

هوبسون هەمان گومانەکانی ئاسلنی هەیە سەبارەت بە پێگەی ئەدەبی دیرورا، کە ئەو پشت بە کەسایەتیەکی وا دەبەستێ کە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە بۆ حاڵەتێكو پەناش ناباتە بەر نوسینەکانی، یان شتێکی ئەو سەرچاوەی خوێندۆتەوە کە نازانێ لە کوێدا نوسراوە.

دیرورا بە نموونە دەڵێ بیکیت پێی وتووە مەبەست لە گۆدۆ بریتییە لە خواوەند. سەرچاوە باوەڕپێکراوەکەش لێرەدا وەك خۆی دەڵێ: نامەیەك کە ساموئێل بیکیت بۆ هارولد هوبسۆن"ی نوسیوە، لێرەشدا هۆبسۆن دەڵێ: "من لەو بارەیەوە هیچ شتێکم بۆ بیکت نەنووسیوەو لەگەڵ ئەوەداو لەو بارەیەوە قسەم لەگەڵ دکتۆرە دیرورا نەکردووە، ئەو نە شتی بۆ نووسیوم نە قسەی لەگەڵدا کردووم"

لە لاپەڕەیەکی تری ئەم کتێبەیدا. دیرورا" ئاماژە بەوە دەدات کە بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ هۆبسۆن کردووە، بەڵام لە ڕاستیدا هۆبسۆن شتێکی لەو جۆرەی نەکردووە.

ئـەم شـتانە پێدەچـێت بێبایـەخ بـن، بـەڵام لـە لایـەکی تـرەوە بـۆ لێکۆڵینـەوەی ئەکادیمیانـە جێـی بایەخو گرنگین.

ئەوەی کە هۆبسۆنی دوودڵ کـرد بـریتی بـوو لـە هەژاری دیرورا لە حوکمی ئەدەبیدا. بە جۆرێك ئـەو نـاتوانێ شـەن‌و کـەوی ئـەو نامانـە بکـات کـە خوێندراونەتەوە یاخود ئەو گفتوگۆیانەی کە کـراون یـان خوێندراونەتـەوە یـاخود ئـەو گفتوگۆیانـەی کـە کـراون یـان خوێندنـەوەی کتێبـەکان. هـۆی ئـەو دوودڵییـەش دەگێڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە خـۆی دەقـەکانی ئـەم نامـەو گفتوگۆیانـەو تەنانـەت ئـەو کتێبانەی کە بیر خوێندوویەتەوە نەیبینیوون.

هەر بۆیە هوبسون بڕوای وایە کە دیرورا ناتوانێ بـە شـێوەیەکی ڕاسـت لـەو گفتوگـۆو یـاخود ئـەو زانیارانەی کە بە دەستی هێنـاوە تێبگات. پێدەچێت دیـرورا خـاڵێکی لاوازی خـۆی دابێتـە هۆبـسۆن ئەودەمەی کە لە سەرەتای سیەکاندا باسی لە بیکیت کـردووەو وتوویـەتی کـە لـە نێـوان ئـەو نووسـەرە فەڕەنـسیانەی کـە بیکیـت نووسـینەکانیانی خوێندۆتـەوەو ئەوانـەی کـە کاریگـەرییان لەسـەر

دواهـەمین نووسـراوەکانی هـەبووە —جـول رینـار-ی چیرۆك نووسە، نووسەری یاداشـتەکانە بـە بۆچوونی بیکیـت "قـسەکانیش هـی دیـروران" پیاوێکـە کلیلـی ژیـانی بینییـەوە لـەناو خۆیـدا دەژیو لـە بـارەی ئـەم ئەزموونـەی خـۆی دەنووسـێتو لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە جیهاندا بە ئاسودەییو قەناعەتەوە دەژی.

"رینار" نەچۆتە ناو زنجیرە ئەدەبیـەکانو خـۆی لە قوتابخانەی پێشڕەوایەتی لاداو لەو شارەدا ژیا کـە تیایدا خێزانەکەی ژیابوون.

لەگـەڵ ئەوەشـدا، بـە درێـژایی ٢٤ سـاڵ چـیرۆكو شـــانۆیی دەنووســـیو نزیکـــەی ١٣٦٧ لاپـــەڕەی لـــە یاداشتنامەی ڕۆژانە لە دوای خۆی بەجێهێشت.

ئـەم ژمارەیـە ڕاسـتە. دیـروراش جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە سـەرجەمی ئـەم یاداشـتانەی خوێندۆتـەوە. هۆبـسۆنیش توانـایی هـەبوو بـە وردی حوکم بکات لە بارەی ئەو ڕاڤەکاریانـە کـە کردوونـی، بەڵام هۆبسۆن ئاکامەکەی بە خراپ بینییەوە. ئەگەر بێتـو لـە یەکـەمین نمایـشی شـانۆیی (Ubu Roi)ی ئەلفریدا جاری بە هاوەڵی بیکیت بینرا؟

ئەی بۆچی هەمیشە لە ئارایشتگای ئەویندارەکەی میتزلینــك (جورجیــت لابــلان" دەبینــراو لــەویَ نووسەرە هەرە بوێرەکانی ئەوکاتەی دەبینی؟

ئـەی ئـەم ئاسـودەیی‌و قەناعەتـەی لـە کوێـوە بـۆ هـاتبوو لـە کاتێکـدا چـاودێری جـورجیتی دەکـرد بەوپەڕی وردبینییەوەو دەیوت "سەرشانو قۆڵەکانی ڕووت بـوون؟" ئـەو کەسـەی یاداشـتە ڕۆژانەییـەکانی ڕینار بخوێنێتەوە کە لە کتێبە هەرە لە پێشەکانە لـە ڕووی هەمەجیەت‌و تـاڵی‌و خەمینیـەوە، سـەری لـەوە دەسوڕمێت کە دکتۆرە دیرورا لێی تێنەگەیشتووە.

هۆبــسون لــە کۆتاییــدا جــەخت لەســەر ئــەوە دەکاتــەوە کــە یەکــەمین ســەرنجی وردمــان لــەو سەرچـاوانەی کـە بـایر بـەکاریهێنا ئـەوە بـوو کـە یاداشــتە ڕۆژانەییــەکانی جــول رینــاری کــورت کردۆتەوە.

بــەڵام (دیــرورا) ورد نــەبوو لــە دەرخــستنی لەمەشەوە هۆبسون ئـەوەی بـۆ دەردەکـەوێت کە ئـەو وێنەیـەی بـۆ سـامۆئیلی کێـشابوو وێنەیـەکی تـەواو تاریك‌و نادیارەو لەو شتانە نەگەیشتووە کە لە بارەی سامۆئیل بیکتەوە پێی وترابوو.

## "چاوپێکەوتن لەگەڵ ساموئێل بیکیت"

دایكو باوكی ئیرلەندین‌و شوێنی لەدایکبوونی (دبلن)ە، ئەوەش ساڵی ١٩٠٦ بوو. ساموئیل بیكت پیاوێكی خەمۆكەو لە نامەكانیدا بە بێزار دەردەكەوێت، بەڵام شانۆییەكانی لە "برودوای" پێشكەش كراون. ئەو شتەی كە لە شانۆیی (لە چاوەڕوانی گۆدۆدا) درکاندی ڕەخنەگران‌و بینەران‌و تەنانەت ئەكتەرەكانیشی سەرسام كرد، ڕێكەوتنێكی گشتیش لە ئارادایە كە بیكت جادووگەر نییە، سەرەڕای ئەوەی كە ئەو ڕووناكییەی لەسەر پەیامە شانۆییەكەیدا دەیسەپێنێ كپ‌و بێدەنگ‌و سەرسوڕهێنەرە. بیكت نایەوێت شیكردنەوەی زیاد لە بارەی بەرهەمەكانی پێشكەش بكات، لەگەڵ ئەوەشدا سوورە لەسەر ئەوەی كە ناتوانێت هیچ مرۆڤێك ببینێت. ئاماژەش بەو كەسانە دەكات كە دەیانویست بۆچوونەكانی لە بارەی كارە بڵاوكراوەكانی بدركێنێ. لە ڕاستیدا ڕوانینی بیكت ئاستەم ترە لە ڕوانینی گۆدۆ، ئەو پیاوەی كە هەرگیز لە شانۆگەریەكەدا دەرنەكەوت، لەگەڵ ئەوەی

هـەمووان چـاوەڕوانی بـوون، ناونیـشانی بیکـت لـە پاریسدا بە نهێنی مابووەوە، بەڵام ئـەو کەسانەی کە جێگەی کوخەکـەیان لـە ئیرلەنـدا دەزانـی، ئەوانـە لـە ڕاسـتیدا، ژمـارەی هـەردوو پەنجـەکانی دەسـتیان تێنەئەپەڕاند.

بیکت کەسێکی لـەش باریکو بـە هەیبـەت ویقار بـوو. وەك ئـەوەی پێغەمبـەرێکی زۆر زیـرەك بێـت، لەگەڵ ئەوەی کە گرنگی بە خۆی نەدەدا، جلەکانیشی نـارێکخراو دەردەکـەوت. وەك ئـەوەی بـەبێ ئـەوەی ئاگـای لێبووبێـت پێـوەی خـەوتبێت. شـوقەکەی لـە پاریـسدا دەکەوتـە نهـۆمی هەشـتەم، لـە نێوەنـدی کۆمەڵێك شـوقەی نیـشتەنی چینە نێوەنـدەکان، ئـەو لە جلوبەرگەکانیدا ڕازاوەتر نەبوو لەو ڕێژەیـەی کە خەڵکـەکانی پـاریس پێـی دەردەکـەوتن. بـە دیـواری ژوورەکەیـەوە کۆمـەڵێك تـابلۆ هەڵواسـرابوون، بـەڵام خانووەکـــەی ئیرلەنـــدای شـــاکان لـــە گـــۆدۆوە هـەڵیانگرتبۆوە ئـەو بـە شـێوەیەکی بـەردەوام لـە ماڵەکەیدا کاردەکات، ڕووکاری باخچەکەشی بە بـەرد نەخـشاندبوو، چـەند درەختێکیـشی تیـادا چـاندبوو، دەیبینیـت هـەوڵێکی زۆر دەدات بـۆ پاککردنـەوەی

یەکێك لەو کورسیانەی کە لەسەر زەویەکەدا دانراوە، وەك هـــەر پیـــاوێکی تـــر زۆر حـــەزی لـــە بەرجەستەکردنی ئەم کارانە هەیـە، بـەڵکو ئـەو وەك باخەوانێکی بێبەهایە.

تێبـینی هاورێکـانی لـە بارەیـەوە دەڵـێن کـە "لـە قۆناغی ڕۆچوونی فکریدا دەژێ" و لە پێناوی ئەوەی کە پارێزگاری لەو پێگـە فکرییـەی خـۆی بکات، ئـەوا وەك کەسێتییەك لە کەسایەتیەکانی لـە دوورەوە بـە گۆشـــەگیری مایـــەوە. ئـــەو بـــە وردبینییـــەوە وەك کەسـایەتیەکانی قـسە دەکـاتو زۆریـش دوودڵـە لـە قـسەکردندا، زۆر بـە زیرەکییـەوە قـسەدەکات وەك ترسێك لـەوەی کـە خـودی خـۆی تەسلیمی زۆر وتـن نەکات. ئەوەش دەزانێ کە نمونـەی ئـەم قـسەکردنانە ڕێگەیەکی ترە بۆ نانەوەی گەردەلول. ئەگەر بیەوێت لـــە ئامادەبوونـــە توندوتیژەکەشـــی لـــەم جـــۆرە چاوپێکەوتنانەدا سووك بکات، ئـەوا بـاس لـە هـەموو ئـــەو شـــتانە دەکـــات کـــە دەتوانێـــت بیانـــدرکێنێ "قسەکانیشی بەم گوزارە وردانە دەرپەڕاند":

"یەکەمجار، هاتمە پاریس، وەك خوێنـدکارێك لـە زانکۆی ترنتیو لە ساڵی ١٩٢٦ بوو، دووەم جاریش کـە

هاتمەوە بۆ ئێرە، لە ساڵی ١٩٢٨ بوو وەك وانەبێـژێك لــە خانـــەی مامۆســـتایانی بـــاڵا وەك یاریـــدەدەری مامۆستای زمـانی فەرەنـسی لـە دبلـن بـۆ مـاوەی سـێ ساڵ دامـەزرام، پاشان لـە ساڵی چوارەمدا دەسـتم لـە کـار کێـشایەوە، مـن حـەزم بـە وانـە وتنـەوە نییـە، ناشتوانم لە جێگەیەکدا جێگیر بم لـە پێنـاوی کاردا، هەر بۆیە ئیرلەندام بەجێهێشت".

"بـە ئـەڵمانیاو لەندەنـدا هاتووچـۆم کـرد، پاشـان دووبـارە گەڕامـەوە دبلـن، چـونکە مـن خـەڵکی ئـەو شارەم، ئەم قۆناغە لە ڕووی فکرییەوە قۆناغێکی زۆر پەشۆکاو بوو بۆم".

"برایەکم هەیـە گـەورەترە لـە خـۆم، ڕووپێـوەری زەوی فراوانە وەك باوکم، ئەم برایەم لە دوای مردنی باوکم بەردەوامی بە پیـشەی ڕووپێـوی زەویـدا.. مـن حەزناکـەم لـە ئیرلەنـدا بـژیم، تـۆ دەزانـی چ جـۆرە "سیوکراتیەتێك- ئاینگەرایی" لەوێ دەسەڵاتی هەیـە، سـەرەڕای ئـەو سانـسۆرە تونـدەی کـە لەسـەر کتێـب هەیە، هەر بۆیە وام بە باشزانی کە لە دەرەوە بـژیم، لە ساڵی ١٩٣٦ جارێکی تـر گەڕامـەوە بـۆ پـاریس، بـۆ ماوەیەکیش لە ئوتێل مامەوە، پاشان بڕیارمدا جێگیر

بمو بەردەوامی بە ژیانم بدەم لێرە، ئەو کاتەی کە دایکم لە ژیاندا مابوو، لە هەموو ساڵێکدا بۆ ماوەی مانگێك سەردانم دەکرد، بەڵام ئەو لە ساڵی ١٩٥٠ کۆچی دوایی کرد".

"سکرتێری جویس نەبووم، بەڵام من وەك هەریەکێك لە هاورێکانی هاوکاریم دەکرد، گەورەترین بەربەستێك کە جویس پێوەی دەیناڵاند بریتی بوو لە لاوازی بیناییەکانی. من هەندێك کارم بۆ ڕایی کرد، وەك ڕێکخستنو ئەژمارکردنی هەندێك لەو برگانەی کە دەینووسی، هەروەك چۆن شتیشم بۆ دەخوێندەوە، بەڵام هەرگیز هیچ کام لە نامەکانیم نەنووسیوە".

"ئەودەمەی جەنگ لە ساڵی ١٩٣٩ بەرپا بوو من لە ئیرلەندا بووم، ئەو کاتە دەستبەجێ گەڕامەوە بۆ فەرەنسا، بەم جۆرە فەرەنسام لە کاتی جەنگدا بە باشتر زانی وەك لە ئیرلەندا لە کاتی ئاشتیدا، ئەوە سەرجەمی ئەو شتانە بوو کە لەو قۆناغەدا درکم پێکرد، من لە ساڵی ١٩٤٢ لێرەم بە هۆی ئەڵمانیەکانیشەوە ئێرەم بەجێهێشتو چوومە شاری "فولکوز"، لە دەوروبەری جەنگدا بە زمانی

ئینگلیـزی کتـێبی "Watt"م نووسـیو لەگـەڵ کۆتـایی جەنگیش لە ساڵی ١٩٤٥ گەڕامەوە بۆ ئیرلەندا. لەگـەڵ ئەوەی کە شوقەکەم لە ساڵی ١٩٤٢دا بەجێهێشت، ئـەوا هەر دەمتوانی تیایدا بمێنمەوە، هەر بۆیە گەڕامـەوە، ئەمجارە بە زمانی فەرەنسی دەسـتمکرد بـە نووسـین، جێـی گومـانیش نییـە کـە ئـەزموونی نووسـین بـە فەرەنسی جیـاوازە لـە نووسـین بـە زمـانی ئینگلیـزی، من ئەو کاتەی بە فەرەنسی دەنووسـم زۆر دەهـەژێم، زۆربەی بەرهەمـەکانم لـە نێـوان سـاڵانی "١٩٤٦-١٩٥٠" بــە خێراییــەکی گــەورەوە نووســی، لــەو کاتەشــەوە شـتێکی وام نەنووسـیوە کـە جێـی باسـکردن بێـت، یاخود بە لایەنی کەمەوە شتێکی گرنگم نەنووسـیوە. نووسین بە فەرەنسی ئەو هەسـتەی لـەلا دروسـتکردم کە بە دووبارە نووسنیەوەی ئەو شتانە هەڵدەستم کە لەمەوبــەر نووســیومن. نووســین لــەلای هەنــدێك نووسەر بۆتە پرۆسەیەك لەوپەڕی سانایی‌و سادەیی، بـەڵام لـە لای مـن بـە پێـچەوانەوە کەوتـەوە، ئـاڵۆزو لەوپـــەڕی ئاســـتەمیدا بـــوو. چوارچـــێوەی شـــتە مومکینەکانیش لە لام بچوك‌و بچوکتر خۆی دەنواند، بـەڵام سـەبارەت بـە خوێندنـەوەکانم ئـەوا ڕۆمـانی

(قــەلاّم) بــە زمــانی ئــەڵمانی خوێندۆتــەوە بــەلاّم ڕۆمانەكـەی تـری (كافكـا) بـە ئینگلیـزیو فەڕەنـسی خوێندۆتەوە، واش پێویست دەكات كە بڵێم ڕۆمـانی قــەلاّ بــۆ ئــەو كەســەی كــە بــەردەوام دەبێــت لــە خوێندنەوەی هـەتا كۆتـایی زۆر ئـاڵۆزە، پاڵەوانەكـەی كافكا بە ئامانجەكەیەوە لكاوە، ونبوو بـەلاّم لـە ڕووی ڕۆحیـەوە نـاجێگیر بـوو، هـەر بۆیـە وەك پارویـەكی خۆشـقووت دارِمـا، بـە تـەواوی وەكـو ئیرلەندییـەكان، تێبــینی ئەوەشــم كــرد كــە ئــەو شــێوازەی كافكــا كلاسـیكیانە بـوو، بـەردەوام دەبـوو لـە كارەكـەی بـە هێزێكی گەورەوە بـەلاّم بـە هێمنی، كافكـا هەڕەشـەی لـەم چـەرخە دەكـرد، لەگـەڵ ئـەوەی ترسـەكەی لـە فۆڕمدا خۆی دەنوانـد، بـەلاّم لـە بەرهەمـەكانی منـدا ئەوا ترس لە پشتی فۆرمەوەیە، نەك لە خودی فـۆڕم خۆیدا.

"لــە كۆتــایی هــەموو بەرهەمێكمــدا، جگــە لــە تـەمێك هیـچی تـر نادۆزیتـەوە، یـاخود هـەر شـتێكی شــــاراوەو پــــەنهان. لــــە كتــــێبی "Innommable" شـیتەڵبوونو بەتاڵكردنەوەیـەكی تـەواوەتی هەیـە،

تیایـدا شـتگەلێكی وەك "مـن" و "خاوەنـدارێتی" و "بوون" نادۆزیتەوە.

كردارێـك نابینیتـەوە، بـەڵكو ڕێگەیـەك نییـە بـۆ ئـەوەی بـەردەوامی بـە ڕێگەكـەت بـدەیت. لـە كتـێبی "Texespourien"دا هــەوڵم داوە ئــەم شــیتەڵبوونە تێپــەڕێنم، بــەڵام شكــستم خــوارد، ســەبارەت بــە جویسیش ئەوا كارەكە تـەواو جودایـە، ئـەو پیـاوێكی بەهرەمەنـدە بـەو ئاسـتەی كـە جێـی ئەندێـشەكردن نییە لە بەكارهێنانی بنەما هونەرییەكان، پێدەچێت جویس گەورەترین نووسەرێك بێت كە خـاوەنی ئـەم بەهرەمەنــدیو داناییــە بێــت، ئــەو دەتــوانێ لــە موفرەداتەكان دانایی خاوەن دەلالەتی قوڵ بخوڵقێنێ لە چوارچێوەی كارەكەیدا، بە بێ ئـەوەی بڕگەیـەكی دركاندنی زیادەی تیادا بەدی بكەیت.

ئەو كارەی كە پێیهەڵدەستم جیاوازە، چونكە مـن توانای تێكەڵكردنی هەموو ئـەو بنـەما هونەرییانـەم نییـە بـە وێنـەی ئـەو وردبینیـەی " جـویس". بـەڵام جویس هەركاتێك زانینی زیـاد بكردایـە لـەو بـوارەدا، ئەوا ئەفراندنیشی زیادی دەكرد، ئەو هونەرمەندێكی خـاوەن توانـاییو زانیـاری دیارینـەكراوە، لـە كاتێكدا

من بە لاوازیو نـەزانی کارم دەکرد، نەمئـەزانی کە لاوازی زەمەنێکە چۆتە ناوم". دواجار ئەو شتەی کە پێی گەیشتم بریتییە لەوەی کە "بـوون" ئەگەر بە هونەرمەند لێکبچوێنرێت هیچ بەهایەکی نییە، بەو واتایـەی کـە لـە پێناسـەکردنت بـۆ هونـەر "بـوون" شـتێکی جیـاوازە. پـێم وایـە هـەر مرۆڤێـك لـەم رۆژگارەدا ئەودەمـەی بـە وردبینیـەوە لـە ئەزموونـە تایبەتیەکـەی خـۆی ورد دەبێتـەوە وەك ئـەزموونی مرۆڤێکی نەزان دەیبینێتەوە. ئەزموونی مرۆڤێك کە هیچ نازانێـت.. بـەڵام جـۆرێکی تـر لـە هونەرمەنـدان ئەوانــەی کــە لــە —ئــەپۆلۆی- خواوەنــدی شــیعرو مۆسیقاو ئێستاتیکا لە لای گریکەکان دەچن —ئەوانـە بە من نامۆن. جارێك لە بیکت پرسـیار کـرا، کە ئایـا لە جیهانەکەیدا سیستەم "النظام" تیایـدا پـەکخراوە، وەڵامی دایەوە:

"نـاتوانم پاشـماوەی سیـستەم لـە هـیچ شـوێنێکدا بەدی بکەم". بیکت گرنگـی بـە ئـابوری نـەدەدا، هـەر بۆیـە ناتوانێـت چارەسـەری ئـەوە بکـات کـە چـۆن کەسـایەتیەکانی بـژێوی ژیانیـان دابـین دەکـەن بۆیـە لەو بارەیەوە دەڵێت: "کەسـایەتیەکانم خـاوەنی هـیچ

نـین" ئـەم پرسـەش بـە هەڵواسـراوی دەهێڵێتـەوە. بۆچـی هەمیـشەش پرسـیار لـە بیکـت دەکرێـت، لـە کاتێك ئەگەر شانۆییەك بنووسێت لە دوای نووسـینی ژمارەیـەك لـە ڕۆمـان، لـە بـارەی ئەمەشـەوە دەڵێـت: "من نووسینی شانۆییم هەڵنەبژاردووە".

پاشـان دەڵێـت: "ئـەوەی کـە ڕوویـدا بـریتی بـووە لـەوەی کـە مـن دەسـتمدایە نووسـین". ڕەخنـەگران بڕوایان وایە کە پێکهاتەی "گۆدۆ" و پەیامەکـەی لـە ژیانـدا، ئازادییـەکی وای بەخـشیوەتە بیکـت کـە هـەر کاتێك بیەوێت لە نووسین بوەستێت، بەڵام بیکت دژ بـەم بۆچـوونە وەسـتاوە. وەك ئـاژەڵێکی پێکـراویش ئەوا بیکت لەسەر زەوی ماڵەکەی لە پاریس گەوزا.

"ئەم" هیچ شتێکە "Innommable" (دەستی دایە گازەنـــدەکردنو وتـــی): "دووچـــاری گێـــژەنێکی وایکردووم ناتوانم لێی دەرباز بم".

چ شتێك دەکەیت، ئەو کاتەی هیچ بەدی ناکـەیت بۆ وتن، لەگەڵ ئەوەی کە ئەوانی تر دەنووسـن، جگـە لە هەوڵدان چیتر پێدەکرێ. بەڵام بیکـت لـە بـارەی ئەمـەوە وەڵام دەداتـەوە: "هەنـدێکی تـر هەیـە وەك نیکۆلای دوستیل، ئەو پیاوەی کە لە پەنجەرەوە خۆی

فرێـــداو خــۆی کوشــت، دوای ســالآنێکی درێــژ لــە تێکۆشان".

### نامە

### (بیکت داکۆکی لە ئارابالْ دەکات)

لە بەرامبەر بانگێشتی ئامادەبوونم بۆ گەواهیدان لـە مەسـەلەی دادگایی کردنـی –فیرنانـدۆ ئارابـالْ-دا، ئـەم نامەیـە دەنووسـم، بـەو هیوایـەی دادگـا ئـەوە بزانێـت کـە ئـەم نامەیـە سـودمەندە لـە ناسـاندنو پێناسەکردنی بـەها مرۆیـیو هونەرییـەکانی کەسـێك کە لە ڕێگادایە بەرەو دادگایی کردن.

دادگـایی نووسـەرێکی ئیـسپانی دەکرێـت، کـە لـە ماوەی (١٠) ساڵدا لە پێشەوەی نووسەرە شانۆییەکانی ئەمرۆدا قوربانی داوە، ئەمـەش دەگەرێتـەوە بـۆ ئـەو پەیوەندییـە توندوتۆڵـەی کـە –ئارابـالْ- هەیـەتی بـە خاکەکەیەوە، بۆیە ئیسپانیا ئامادەبوونی هەمیـشەیی هەیە لە سـەرجەم ئـەو شـوێنانەی کـە بەرهەمـەکانی تیـادا نمـایش دەکرێـت,. هـەر بـە هـۆی ڕابـردووە بـە نرخەکەیەوە، داوا لە دادگای باڵا دەکەم کە دەرکردنی حوکمەکــەیان بەســەر ئــەم نووســەرە ئەفرێنــەرە

ڕابگـرن. لەگـەڵ بـوونی مەسـەلەیەکی گرنگـی تـر ئـەویش ئەوەیـە کـە –ئارابـاڵ- گـەنجو ناسـکە "چ لـە شێوەی جەستە بێت یاخود دەروونی" بۆیە پێئەچێ مەینـەتی زۆر بـچێژێت پـێش ئـەوەی جـارێکی تـر بگەڕێتـەوە بـۆ بەخـشینەکانی کـە تـا ئێـستا پێـی نەبەخشیوین. سزادان بەسەریدا بە هۆی تاوانێکەوە، بە تەنها سزادانی مرۆڤێك ناگەیەنێ، بەڵکو سەرجەم ئـەو بەرهەمانـەی کـە لـە قۆنـاغی لەدایکبوونـدان دەخاتە بەر مەترسی. پێویستە ئەوانە هەمووی بە هەنـد وەربیگرێـتو هـەر تـەنها بـەم ڕێگەیـەش دەتوانرێـت –فرنانـدۆ ئارابـاڵ- بگەڕێنرێتـەوە بـۆ موعاناتە تایبەتیەکانی.

ساموئێل بیکت- مەدرید

ئابی ١٩٦٧

(بیکت داهێنەری تەرزێکی نوێی ئەدەبی)

ساموئیل بیکیت نووسەرێکی خاوەن شێوازی تایبەتی خۆی بوو، ئەو کاتەی (جەیمز جویز) پەیوەندی لەگەڵ بیکت دا بەست زۆر کەس وەك پەیوەندی مامۆستایەك بە خوێندکارەکەیەوە تەماشایان دەکرد.. هەردووکیان هەوڵی ئەوەیان دەدا زمانێکی تازە بۆ گوزارشت کردن بدۆزنەوە. زمانێك لە تەرزە باوەکانی دەزگا ئەدەبیەکان دەربچێت. لەگەڵ ئەوەی کە گەڕانی هەردووکیان سەرەتا بە هاوشێوە دەستی پێکردو بە جیاواز کۆتایی هات.

کاتێك بیکت ساڵی ١٩٢٨ گەیشتە پاریس، خۆی سەرقاڵ کرد بە نووسینی لێکۆڵینەوەی تایبەتی لە سەر هەریەك لە "مارسیل برۆست" و (جەیمز جویز) بە زمانێکی لایەنگریو نادیاری.

وە کاری لە نووسینی کارنامەیەکدا کرد لە بارەی ئەدەبی فەرەنسیو دوای دوو ساڵ لەوە لە خوێندنگەی "نورمیل" وەك وانەبێژ کاری کردو لە پاش ئەوە گەڕایەوە بۆ وانەوتنەوە لە زانکۆی (ترینیتی) لە (دبلن).

## ساموئیل بیكیت

لە دوای ئـەوە بیكیـت دەسـتبەرداری وانەوتنـەوە بـوو و گەڕایـەوە بـۆ ئـەوروپا بـە بـێ كـاریو لـەو سـەردەمانەدا چـەندەها زمـانی دەزانـیو ئـەو كاتـە دەستی دایە نووسین.

لـە سـەرەتای ژیـانی ئەدەبیـدا شـاعیر بـووەو چـیرۆكی كـورتی دەنووسـی پاشـان هەسـتاوە بـە نووسینی شانۆگەری.

زۆر بابـەتی وای دەنووسـی كـە سـەر بـە هـەموو جـۆرە تـەرزەكان بـوو و ئاسـتەم بـوو لـە تـەرزێكی ئەدەبی تەقلیدی دیاری بكرێت.

ئەو بابەتانەی كە لەو هەستەیەوە هەڵقوڵاو بوو كـە پێویـست دەكـات دەسـتبەرداری ئـەو پەیوەندییـە كۆنانە بهێنرێت كـە نووسـەرەكان بـە بابەتـەكانیانو كەسـایەتییەكانیانو زمانـەكانیانو خوێنـەرەكانیانو تەنانەت بە خودی خۆیان دەبەستێتەوە.

یەكـەم بەرهـەمی چـاپكراوی بیكیـت بـە نـاوی "مـۆرفی" بـوو كـە لـە ساڵی ١٩٣٨دا بڵاوكرایـەوە، لـەم بەرهەمەدا (مـۆرفی) بـە دوای كەمالـدا وێڵـە. هـەر لـە ڕێی ئەم بەرهەمەوە بە پێی ڕوانـینی بیكیـت جیهان لـــە یـــەك كاتـــدا بـــراوەو دۆڕاوەو هـــۆنراوەی

(هۆرۆسکۆب)یش نمایشی وێنەیەکی دیکارت دەکات لەسەر شێوەی مەنەلۆژێکی ناوەکی کە بیکت تیایدا کردبووی، کە دەڵێ: "من ئازار ئەچێژم کەواتە من هەم" ئەمەش ئەو کۆجیتۆیە بوو کە لە دیکارتەوە گۆڕیبووی. وەك ئەوەی خەمۆکی وێنەی ژیان بێتو لەگەڵیدا هاوتا نەبێت.

ئەو زمانە نوێیەی کە بیکت بە کۆنی دۆزییەوە، زمانی فەڕەنسی بوو. یەکلاییکردنەوەی زمانەوانی چەندین تەرزی جیاوازی لە گوزارشت کردن بە دوای خۆیدا هێنا کە تەبا بوو لەگەڵ ڕوخسارە نوێکانی ئەو ئەدەبەی کە دروستی کردبوو.

ئەم یەکلایی کردنەوەیە کەمتر لە یەکلایی کردنەوەکەی جویز توندڕەو بوو. بیکت دەڵێ (نووسین بە زمانی فەرەنسی ئازادی کردم لە پێداویستی هەبوونی شێواز).

لە ڕاستیدا شێوازێکی تازەی لەو زمانەدا بنیاد نا کە دروستی کردبوو.

ئەو کاتەی بیکیت سیانیە چیرۆکیەکەی "مولوی" و "مالونی دەمرێت" "ناونانرێت"ی تەواوکرد ئەوا لە چلەکاندا دوو شانۆگەری نووسی، یەکەمیان کە

هەرگیز بڵاونەکرایەوە بە ناوی "الیوثریا" بوو کە وشەیەکی یۆنانیەو (ئازادی) دەگەیەنێت.

کە تیایدا ئاماژەی بە جەنگی (بایرۆن) دەدا لە پێناوی ئازادی یۆناندا.

ئەو ئازادییەی کە بیکت بانگەشەی بۆ دەکات بە سادەیی بریتییە لە ڕزگاربوونی جیهانو خودی خۆی. ئەم ئازادییەش هەرگیز بۆ خۆی نەهاتەدی.

بە لەچاپدانی "لە چاوەڕوانی گۆدۆ"دا ئەفراندنی بیکت دەرکەوتوو سەرنجی ڕۆشنبیرانو ڕەخنەگرانو نێوەندەکانی ڕاگەیاندنی بۆ خۆی کێش کرد.

چاوەڕوانی تەوقی ئەوانی ترەو تیایدا گوزارشت لە پاشەڕۆژێکی بێزراو دەکات هەروەك واقعی ئێستاو ئەم هەستە ئێستاتیکیەش پەیوەستە بە تەرزی کۆمیدی بیکت.

بیکت دەڵێ: "ئەو هونەرمەندەی ڕەزامەندە لە بوونی ئەوا دەچێتە خانەی ناشوێن".. هەروەها دەڵێ:

"ئەو شتەی ناونانرێ بەرەو ئەوە دەچێت لە "هەنووکە لێرەدا" دووبارە دەست پێبکاتەوە، لە هیچ

کـەس‌و هـیچ شـتێکەوە. بیکـت لەمـەدا زیـاتر لـە (وایلد)ەوە نزیك بوو وەك لە یتس‌و جویز.

پەیوەنـــدی تونـــدوتۆڵی نێـــوان "بیکیـــت" و "ئۆسـکاروایڵد" لـە توانایانـدا بەرجەسـتە دەبـێ لـە بـەکارهێنانی هونەرەکـەیان وەك سـەرلەنوێ خـەڵق کـردن‌و بـە هـەمان شـێوە وەك بۆشـایی.. ئـەم دوو نووسەرە بێ ماندوبوون یاری بە زمان دەکەن. ئـەوان ناتوانن بیر لە تاکە گریمانەیەك بکەنـەوە بـێ ئـەوەی گریمانەی دژ بە ئەو ئەندێشە نەکەن. بیکت وای لـە کەسایەتی (مولوی) کـرد کـە مەنـەلۆژە ناوەکیەکـەی بـەم جـۆرە کۆتـایی پێبهێنێـت: "دوای ئـەوە بـە هەڵەداوان گەڕامـەوە ماڵـەوەو نووسـیم: کـات نیـوەی شەوە، باران لە پەنجەرەکان دەدات، کـات نیـوەی شـەو نـەبوو و ئاسمـانیش بـارانی نەدەبارانـد"، جـەخت کردنەوەو بیرۆکەکان بە تەك یەکەوە هەنگاو دەنێن.

بـەڵام پەیوەنـــدی نێـــوان (بیکـــت‌و جـــویز) و دیـاریکردنی شـێوەی ئـەم پەیوەندیـە هـەروا شـتێکی ئاسان نیە.

ڕەخنـــەگرەکان دەیـــانوت: بیکـــت خوێنـــدکاری جویـسەو ئەگـەر بیکیـت مەنـەلۆژی نـاوەکی جویـسی

وەرگرتبێت ئەوا ئەوانی تریش هەمان شتیان کردووە. هەروەك چۆن (جویز) بەم کارە هەستاوە لەژێر کاریگەرییەکانی "ئەدوارد دوجاروان".

لە سی ساڵەکانی کۆتایی ژیانی جویزدا بیکیت ناسی، ئەم دووانە زوو زوو یەکتریان ئەبینیو گفتوگۆیان دەکرد، بیکیتیش تاکە لاوێك بووە کە (جویز) دانی بە بەهرەمەندیدا ناوە.

ئەو کاتەی مۆرفی دەرچوو گرنگیەکی زۆری بۆ بیکیت دەربڕیو بەشێکی تەواوی ڕەوان کردوو و هەمیشە بۆ (بیکیت)ی دەوتەوە. هەروەها بیکیت لەلای خۆیەوە (یولیسیس)ی بە پاڵەوانی کەینونەیی ناودەبرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرجەم بەرهەمەکانی (جویز) لەلای بیکیت ئەو ڕەزامەندییەی وەرنەگرتووە.

لەگەڵ ئەوەی بیکیت سەرسامی خۆی نەشاردەوە بە (بێداربوونەوەی فینیگان) کە لە ڕۆژەکانی هاوڕێیەتیاندا بلاوکرایەوەو بیکت یەکەمین کەس بوو کە هەوڵی ئەوەی دا بۆ زمانێکی تر وەری بگێڕێت. هەڵوێستی جویز سەبارەت بە زمان مەسەلەیەکە کە (جویزو بیکیت) تەبا نین لە سەری.

(بێداربوونەوەی فینیگان) لەو ئارەزووەوە پێگەیبوو کە جویز لە زەمەنێکی زووەوە گوزارەی لێدەکرد، ئارەزووی ئەوەی کە زمان سنوری میللی ببەزێنێت. بەڵام بیکت بۆچوونێکی تری هەبوو، مادام ئەدەب لەلای جەخت کردنەوەیەکی ئەبەدی نیە بۆ ڕۆحی مرۆڤ. ئامانجی قسەکردن لە لای بیکت لە قسە زیاتر هیچی تر نیە، دەم دەکرێتەوە چونکە پێویستە لە سەری ئەوە بکاتو پاشان دادەبەزێتەوە تا دابخرێت.

بیکت بە (لۆرانس هارڤی) وت: "موفرەداتەکان شێوەیەکن لە شێوەکانی ڕەزامەندی زاتی "خودی".

## چەند سەرچاوەیەکی هەڵبژاردە

### ١-نووسینەکانی بیکیت

ئەمەی خوارەوە کلێشەیەکی بیلیۆگرافی تەواوەتی بەرهەمە بڵاوکراوەکانی بیکیتە ساڵ بە ساڵ، لەگەڵ تێبینیە وردەکان لەسەر هەموو بەرهەمەکانی لە کتێبەکەی (روبی کوهن) "ساموئیل بیکیت: ئاوازی کۆمیدی نیۆرك، نیوجرسی ١٩٦٢ (لاپەڕە ٣٢٨-٣٣١).

رۆمانەکان

زیاتر پێلەقەن نەك دەرزی ئاژنین ١٩٣٤

مۆرفی ١٩٣٨

وات ١٩٥٣

مولوی ١٩٥١

مالونی دەمرێت ١٩٥١

ناونانرێ (مالایسمی) ١٩٥٣

اخبار ونصوص عن لاشيء (هەواڵو دەق لە بارەی هیچەوە ١٩٥٥

لە کارێکی وازلێهێنراوەوە ١٩٥٧

حاڵ چۆنە ١٩٦١

## ساموئیل بیکیت

**دراماکان**

| | |
|---|---|
| له چاوەڕوانی گۆدۆ | ١٩٥٢ |
| کۆتایی گەمە | ١٩٥٧ |
| ئەوەی کە دەکەوێت | ١٩٥٧ |
| دوا شریتی کراب | ١٩٥٩ |
| نواندنێکی بێدەنگ | ١٩٦٠ |
| ڕۆژە خۆشەکان | ١٩٦١ |

**هۆنراوە**

| | |
|---|---|
| شاشەی ڕادار | ١٩٣٠ |
| ئێسقانی دەنگدانەوە | ١٩٣٥ |
| چەند شیعرێك | ١٩٦١ |

**وتارو لێکۆڵینەوە**

| | |
|---|---|
| بروست | ١٩٧٧ |

دانتی.. برونو.. فیکۆ.. جویز.. ١٩٢٩

**٢-تویێژینەوەی تایبەت لەسەر بیکیت**

کۆهن (روبی) سامۆئیل بیکیت: ئاوازی کۆمیدی ١٩٦٢

هۆفمان (جاکلین) ساموئێل بیکیت: زمانی دەروون ١٩٦٢

*کیز (هیو) سامۆئیل بیکیت: لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی ١٩٦١

* *

**٣-ئەو سەرچاوانەی کە ڕەخنە لە بیکیت دەگرێتەخۆ**

کروکشانک (جون): چیرۆکنووس وەك فەیلەسووفێك

چەند لێکۆڵینەوەیەك لە بارەی چیرۆکی فەرەنسی ١٩٣٥-١٩٦٠.. (١٩٦٢)

ئەسلن (مارتن) شانۆی پووچگەرایی (١٩٦١)

جروسفوجل (دیفید) شانۆی خودە هەست لە درامای فەڕەنسی هاوچەرخدا.. (١٩٥٨)

جروسفوجل (دیفید): چوار نووسەری دراماو بەدواچوونێك

برێخت، یونسکۆ، بیکیت، ژونیە.. (١٩٦٢)

جوتیتشار نود (جاك) شانۆی فەڕەنسی هاوچەرخ.

لە جیرودۆوە بەرەو بیکیت.. (١٩٦١)

کینــــر (هیـــو): فلـــۆبیر، جـــویز، بیکیـــت، کۆمیدیـــە ڕواقیەکان (١٩٦٣)
موریاك (کلود) دژە ئەدەبی هاوچەرخ.. (١٩٥٨).
برونکـــۆ (لیونـــارد کابـــل) پێـــشڕەوایەتی و شـــانۆی ئەزموونگەری لە فەڕەنسا- ١٩٦٢.
سنیان (ج. ل. ) کۆمیدیای ڕەش (١٩٦٢)

★ ★

٤-سەرچاوەکانی ژیاننامەی بیکیت

ئەلمان (ریتشارد): جەیمز جویز ١٩٥٩
گۆگهایم (بیجی) لەم چەرخەدا ١٩٤٦
هبنستال (راینر) کەلەپوری چوارینە١٩٦١
جویز (جەیمز) نامەکان ١٩٥٧.

**سەرچاوەکان:**

⋆کتێبی (بیکیت) تألیف (ناثان سکوت) ترجمة مجاهد عبدالمنعم).

⋆مجلـة الأديـب المعاصـر- عـدد ٣٢- آب ١٩٨٦ صـموئيل بيكيت في عامه الثمانين.

⋆مجلة الكويت عدد ٩٢ ابريـل ١٩٩٠ (رحـل بيكيـت ولم يأت غودو).

⋆مجلـة الأقـلام عـدد ٤ نيـسان ١٩٩٠- كـودو و بيكيـت يلتقيان.

⋆مجلـة الأقـلام عـدد ٦ آزار ١٩٧٩ صـاموئيل بيكيـت و سيرته الذاتية.

⋆مجلـة الأقـلام عـدد ١٢- ١٩٨٠- لقـاء مـع صـاموئيل بيكيت.

⋆ڕۆژنامـــەی عێـــراق- ڕۆژی ١٩٨٦/١١/٢٦- بابـــەتێکی (نیگار حەسیب قەرەداغی، لەسەر شانۆی ناماقووڵ".